# سيفاتەكانى

# عبـاد الـرحمـن

نوسینی

پ.د. عەلی محیّدین قەرەداغی

وەرگێڕانی

عومەر عەلی محمد

چاپی یەکەم ٢٠١٣

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب:  سیفاتەکانی عباد الرحمن

نوسەر:  پڕۆفیسۆر.د. عەلی محیّدین قەرەداغی

وەرگێڕانی:  عومەر عەلی محمد

تایپ و دیزاینی ناوەوە: ئەحمەد میراودەلی

بەرگ: فەرهاد فایەق

چاپ: چوارچرا

ئیمەیل:bangyhaq@yahoo.com

وێب سایت: www.iklkurd.org

ژمارەی سپاردن(٢٢٠٦)ساڵی ٢٠١٣

بەرهەمی نوسینگەی ڕاگەیاندنی

پ.د. عەلی قەرەداغی٢٠١٣

## پێشەکی وەرگێڕ

ئـەم ناميلكەيـەی لەبەردەسـتدايە پوختـەی كۆمـەڵێك وتاری دكتۆر عەلی قەرەداغیيە كـە لـە راڤـەی ئايەتـەكانی سورەتی (الفرقان) دا كردويـەتی، قـەرەداغی راڤـەی ئـەم ئايەتانەی بەشێوەيەكی تازە كردوە و رەنگدانـەوەی ئـەم سەردەمەيەو باس لـەمرۆڤی مسـوڵمان دەكـات كەلـە ئـەم بارودۆخـە جيهانيـە نوێيـەی كەتيايـدا دەژيـن، هـەموو ئايەتەكان بەشێوەيەك راڤە دەكاتەوە كە لەگـەڵ واقيـعو ژيانو مامەڵەی رۆژگاری ئەمڕۆدا بگونجێتو جارێكی تـر مرۆڤـی بـاوەڕدار خـۆی لەگـەڵ ئـەم بارودۆخـە نوێيـەدا بگونجێنێتەوە.

هـەموو ئايەتـەكان باسـكردنە لـە كۆمـەڵێك رەوشـتو سيفات كـە لـەهاوەڵانی پێغەمبـەردا رەنگيـان داوەتـەوەو بەشـێوەيەكی كـرداری لەمامەڵـەی رۆژانەيانـدا چەسپاندويانەو كاريان پێ كردوە، هـەر بـەو هۆيەشـەوە بوە پێغەمبەری خـوا دەربارەيـان فەرمويـەتی" هـاوەڵانم

وەك ئەستێرە وان، بكەونە شوێن هەر كاميان ڕێنمايتـان دەكات" .

یــــەكێك لـــــەگرنگترین ســــیماكانی ئـــــەم پەیامـــــە خواییەئەوەیـە كـەخاوەنی كۆمـەڵێك بنـەمای ئـەخلاقی بەهێزە، كە دەتوانێـت لـەڕووی مامەڵـەو هەڵسوكەوتەوە مرۆڤێكـی نمونـەیت بـۆ دروسـت بكـات، لەئـەم كۆمەڵـە ئایەتـــەی ســـورەتی فورقانـــدا خـــوای گـــەورە جـــەخت دەكاتـــەوە لەســـەر چەســـپاندنی بـــەها ئەخلاقیـــەكان لـــەمرۆڤی مســـوڵماندا، هـــەر ئەمـــەش دەكاتـــە ســـیمای ئەوانەی خۆیان بە (عبادالرحمن) دەزانن، خـوای گـەورە لەو ئایەتانەدا لەدوای ئەوەی كە عەقیدە لـەدڵی مرۆڤـی بـاوەڕدار دەچەسـپێت، داوای لـێ دەكـات ئـەو عەقیدەیـە بگۆڕێت بۆ كردار.

داوا لـــە مرۆڤـــی مســـوڵمان دەكـــات كـــە ســـەرەتا پەیوەندیەكانی لەگەڵ خـوادا پتـەوبێت، خـاوەنی دڵێكـی پڕ لەمیهرو خۆشەویستی بێت بۆ خەڵك و لەگەڵیانـدا بە ئارام و لێبوردەو دڵ نەرمو بەڕێز بێت، لە كاتی ڕۆیشتن

بەسەر زەویدا خاکیو خۆ بەکەم زان و وەك مرۆڤێکی ئاسایی بێت، پلەو پۆستوماڵو سامانو خێزانو منداڵ سەری لێ تێك نەدات و رەفتاری نەگۆڕن {**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْناً** ......} **الفرقان٦٣**

لەسیفاتێکی تردا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەمرۆڤی باوەڕدار هەوێنی ئاشتی کۆمەڵایەتی بێتو لەسەر کاردانەوە ئەخلاق و مامەڵەی خۆی دانەڕێژێت، بەڵکو کار بکات لەپێناو چەسپاندنی ئاشتیو ئارامیو دروست کردنی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی پتەو لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا{ ...... **وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً**} **الفرقان٦٣**

هەروەها جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی پەروەردەی خێزانیو داوا لەهەموو باوەڕداران دەکات کەخێزانو منداڵەکانیان بەپەروەردەیەکی باش پەروەردە بکەن کەببنە مایەی خۆشبەختیو روناکی بۆ کۆمەڵگە، هەرکاتێکیش منداڵەکان بەم شێوەیە پەروەردە بوون رۆشنایی دەخەنە دڵی دایكو باوکیانەوە، دەبنە مایەی

شانازیان{**وَالَّـذِينَ يَقُولُـونَ رَبَّنَـا هَـبْ لَنَـا مِـنْ أَزْوَاجِنَـا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْـيُنٍ وَاجْعَلْنَـا لِلْمُـتَّقِينَ إِمَامًـا**} ( ٧٤ ) **سـورة الفرقـان**.

هەروەها باس لەسیفاتێکی تری مرۆڤی باوەڕدار دەکات کەئەویش بواری خێرخوازیە، کەئەمەش بەسیفاتێکی گرنگو دیارو ئاشکرا لەقەڵەم دەدات، کەلەئەم رێگەیەشەوە گیانی بەیەکەوە ژیانو خۆشەویستی مرۆڤ قوڵ دەکاتەوەو داوا لەباوەڕدار دەکات کە لەگەڵ گرفت و نەهامەتی بەرامبەرەکاندا بژیو لەکاتێکدا کە هاوکاری مرۆڤێك دەکات هەست بەبەختەوەری بکات{**وَالَّـذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا**} ( ٦٧ ) **سورة الفرقـان**

هەموو ئەو سیفەتانەش کەباسمان کرد بەرهەمی جەوهەری عیبادەتەکانە کە شەونوێژەو هەر ئەم عیبادەتەشە دەبێتە هاندەر بۆ رازاندنەوەی مرۆڤی باوەڕدار بەکۆمەڵێك ئەخلاقی مرۆیی‌و دورکەوتنەوە

لەهــەموو نەخۆشــیە دەرونیــەکانی وەك رقو بــوغزو حەسودیو چروکیو شەڕەنگێزی.

ئەگــەر ســەیری قورئــان بکــەین دەتــوانین بڵــێن ئــەو ئایەتانــە دەکرێــت بکرێنــە بنەمایــەکی ســەرەکی بــۆ تیۆریەکی گەورەو بەپێز لەبواری پــەروەردەی مــەدەنیو پێگەیانــدنی نــەوەی نــوێ لەســەر خۆشەویســتی خــواو مرۆڤی خاکیو دروست کردنی فەزایەکی کۆمەڵایەتی کە هەموان تیایدا هەست بەکامەرانی بکەن، ئەمەش کاتێك دەبێت کە ئەم چەمکە مرۆییانە بخرێنــە نــاو دامــەزراوە پەروەردەییو کلتوریەکانو ببنە سەرچاوەی پێگەیاندنی مرۆڤــی نــوێو لەگــەڵ چــەمکە پــەروەردە نوێیەکانــدا ئاوێتــە بکــرێنو بکرێنــە بنــەمای پێگەیانــدنو پێکــەوە ژیانی هەموو نەتەوەو چینو توێژەکان لەکۆمەڵگەدا.

بسم الله الرحمن الرحيم

{وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا * تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاء بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا * وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُوراً * وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْناً وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً * وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا * وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا * إِنَّهَا سَاءتْ مُسْتَقَرّاً وَمُقَاماً * وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا * وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا * يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَاناً * إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحاً فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً } الفرقان(٦٠–٧٠)

# رەهەندەکانی ( عباد الرحمن )

لە راڤەی ئایەتی (عبادالرحمن) دا لێرەدا بـە پێویسـتی دەزانم کە باس لـە چـوار تایبەتمەنـدی گـرنگ بکـەم لـە ئەم ئایەتە پیرۆززەدا {**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا**} **الفرقان٦٣**. ئەم ئایەتە پیرۆزە بە ( واو ) دەست پـێ دەکـات، زانایـانی زمانـەوانی دەڵـێن ئـەو (واو)ە بـۆ عەطفە، بەڵام زانایانی رەوان بێژی (بلاغە) دەڵێن ئـەم زانسـتە واتـە زانسـتی رەوان بێژیـە، بـە روون کردنـەوەو ماناو جوانکاریـەکان بـۆ تێگەیشـتنی قورئـان دامـەزراوە. ئـەوان دەڵـێن ئـەم واوە بـۆ بەیـەك گەیاندنـە، ئەمـەش مانـای وایـە کـە پەیوەندیـەك هەیـە لـە نێـوان رابـردوو داهاتوودا ، لێرەدا دەکرێت بپرسین ئایا پەیوەنـدی ئـەم ئایەتە بە ئایەتی پێشوو دواوە چیە؟

ئایـەتی پێشوی دەفـەرموێت: {**تَبَـارَكَ الَّـذِي جَعَـلَ فِـي السَّمَاء بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا**} (٦١) **سـورة الفرقان**

پەیوەندیەکـە لەچـەند لایەنێکەوەیـە، لایـەنی یەکـەم: خوای گـەورە لـە ئایـەتی یەکەمـدا دەفـەرموێت (تبـارك) واتە پاکی و گەورەیی بۆ ئەو کەسەی کـە ئـەم بونـەوەرە گــەورەو بــەڕێزەی دروســت کــردووە، گــەورەیی لەســەر زەویـدا لـە ڕێگـەی (عبــادالرحمن) دەردەکـەوێت کـە بـە ئازادی و بەویست و ئیرادەی خۆیان بەشـەو بـە ڕۆژ خـوا دەپەرستن ئەمە پەیوەندی یەکەمە.

**١-پەیوەندی بە بونەوەرەوە :**

ئایەتی یەکەم دەمان بەستێتەوە بە گەردوونەوە کە لـە ڕێگەیــەوە جیــاوازی وەرزەکــان و ڕۆژو مــانگ ئاگــادار دەبـین (عبــاد الــرحمن) لـە لایەکـەوە پەیوەسـتە بـە ئـەم ئەستێرە گەرۆکەکانەوە ، بۆ نموونە نوێژ پەیوەسـتە بـە

کاتـــــەکانی خۆرهـــــەڵاتن ، رۆژو حـــــەج پەیوەســـــتن بەمانگەوە.

بۆ ئەم مەبەستە خوا داوا لە (عباد الرحمن) دەکات کە کەڵك لە ئەم شتانە وەربگرن و لە ئـەم رێگەیـەوە زیـاتر لـە خـوا نزیـك ببنـەوە، ئـەویش بـە ئـاوەدان کردنـەوەی زەوی و دەســتە بــەرکردنی جــێ نشـینی، ئــەویش لــە باشترین و چاکترین شێوەدا.

خوای گەورە باس لـە (سـراج المنیر) دەکـات واتـە رۆژ و مــانگ، رۆژ مانــای گــەورەیی و هێــزە ،مــانگیش مانــای جوانیــە. (عبــاد الــرحمن) دەبێــت هــەردوو ســیفاتی جوانیـان تیـادا بێـت، دەبێـت لـە جەنگـدا بـە عیـزەت و بــەهێز بــن بەرانبــەر بــە کــافران . ملکـەچ و خـاکی بـن بەرامبەر بە باوەرداران، هەروەها بەرامبـەر بـە خـەڵكو مامەڵـەکردن لـە گەڵیانـدا دەبێـت بەهـەمان شـێوەبن لـە حاڵەتی ئاشتیدا بـاش و چاکە خـوازو نـەرم و نیـان بـن، ئەمە ئەو پەیوەندیە بوو کە ئەم ئایەتـە لەگـەڵ ئایـەتی پێشودا هەیبوو.

## ٢- وەسفی باوەڕداران:

ئەگـــەر لـــە ئایەتەکـــە وورد بینـــەوە خـــوای گـــەورە باوەڕدارانی بە (الجملة الأسمية) نـاو دەبـات، ئەمـەش بـۆ چەســـپاندن و ئارامییـــە ئەمـــەش مانـــای ئەوەیـــە کـــە سیفەتی ئەم باوەڕدارانە سیفەتێکی روکەش و کاتی نیە، بـەڵکو چەسـپاوەو رەگـی داکوتـاوە، لـە کاتێکـدا کـە ئـەم باوەڕدارانە لەگەڵ نەفاماندان بـە سـڵاوی ئاشـتی مامەڵـە دەکەن، ئەی ئایە دەبێت لەگەڵ خەڵکانی تردا چۆن بـن؟ بـێ گومـان ئـەم سـیفەتانە لـە سـەرەتادا پێویسـتی بـە رەحمەت و خۆ هیلاك کردن هەیە هەتا خاوەنەکەی ببێ بـە (عبـاد الـرحمن) بـۆ ئـەوەی ئەمـە ببێتـە ئـەخلاق تیایـدا، چـونکە ئـەخلاق دەبێـت حاڵـەتێکی نـەگۆڕی هـەبێت. سـیفەتی کـاتی نابێتـە ئـەخلاق ، پاشـان باسـی لـەوە کـرد کـە رسـتەکە بـە (اذا) دەسـت پـێ بکـات کـە ڕستەی (شرطی) یە، ئەوا وەڵامەکەی بـێ گومـان دەبێـت شتێکی چەسپاو و حەقیقەت بێت. بەڵام ئەگەر بـە (ان) دەستی پێ بکرایە مەرج نەبوو بەو شێوەیەبوایە. لێرەوە

بۆمـان دەردەکـەوێت سـلاّوی بـاوەڕداران بـە ئاشـتی لـە نەفامان بێ گومانە و شتێکی راستیە .

وشـــەیەکی تـــریش کـــە لەئایەتەکـــەدا بـــەکارهاتووە (خاطبهم) خوای گەورە نەی ووتوە (کلمهم). چونکە لـە زمـانی عەرەبیـدا ( مخاطـابـە) واتـە روو بـەروو، بـەڵام (کلام) دەشێت ناڕاستەو خۆبێت، لە بەرئـەوە (مخاطبـة) بەهێزترە لە (کلام) لە بەرئەوە ووشەی (سلام) بەڵگەیە لەســەر بــەهێزی قســەکەر . ئەگــەر ســەرنج بــدەین لــە وەڵامیدا باوەڕداران دەڵێن (قالوا سلاما) واتـە یەکسـەر و بەبێ وەستان وەڵام دەدەنەوە . کە ئەمـەش مانـای هێـزو و راستگۆیی باوەڕدارانە.

**٣- هەڵسوکەوت لەگەڵ خوادا:**

سیفەتێکی تـری (عبـاد الـرحمن) بریتیـە لـە {**وَالَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا**} (٦٤) **سورة الفرقان**

ئایا ئەگـەر مامەڵـەیان لەگـەڵ دروسـت کراوەکـانی خـوا بەو شێوەیە جوان و ناسك و بە ئارامی بێت، ئایا دەبێت مامەڵـەیان لەگـەڵ پـەروەردگاری بونـەوەردا چـۆن بێـت،

لێــرەوە پەیوەندیەکــە لــە زەویــەوە دەگوازرێتــەوە بــۆ ئاسمان کە دروست کردنی پەیوەندیەکە لە سەر بنــەمای ملکەچــی و خۆشەویســتی و رێــزو گەورەییــە، ئــەم باوەڕدارانە لە پەرستنی خوا تێر نابن، رۆژانــە ســەرقاڵی کــارو ئــاوەدان کردنــەوەی زەویــن شەویشــیان تــەرخان کــردووە بــۆ کڕنــوش و شــەو نوێــژو پاشــان دەفــەرموێت (**یَبِیتُــونَ**) واتــە مانــەوەی هــەموو شــەوەکەیە بــۆ شــەو نوێــژ، لێــرەوە خــوای گــەورە هــەموو شــەوەکەیان بــۆ دەنوسێت بە شەو نوێژو ئەگەر لە بەشێکی شەوەکەشدا هەستابن.

**٤-پارێزگاری لە نوێژەکان:**

یەکێکی تر لە سیفاتەکانی (عباد الرحمن) پارێزگاری نوێژەکانە، شەو نوێژیشیان بیرناچێت و لە یادی ناکەن، هــەر بــۆ ئــەم مەبەســتە خــوای گــەورە فــەرمانی بــە پێغەمبەرەکەی دەکات کە شەو نوێژ بکات. ئەمە لەسەر پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾فەرز بووە لە هەندێك ریوایەتدا دەڵێن کە لەسەرەتای هاتنی پێغەمبەردا﴿ﷺ﴾ لەسەر هەموو

باوەڕداران واجب بووە، بەڵام دوایی بووە سوننەت بۆ باوەڕداران بەڵام فەرز بووە لەسەر پێغەمبەری خوا.

لەبەرئەوە نابێت شەو نوێژ واز لێ بهێنن، چونکە پاداشتێکی گەورەو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، خاتوو عائیشە خوای لێ رازی بێت دەگێڕێتەوە و دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك كە شەوان بۆ شەو نوێژ هەڵدەستا ئەوەندەی نوێژ دەكرد هەتا بنە پێیەكانی هەڵدەئاوسا. منیش پێم دەوت بۆچی ئەوندە خۆت هیلاك دەكەی ئەی خوا لە هەموو تاوانەكانت خۆش نەبووە، ئەویش لەوەڵامدا ئەیوت ئەی نابێت بەندەیەكی سوپاس گوزاربم.

لێرەوە سەرنج بدەن كە پەیوەندی نێوان ئەم فەرمودەیەو ئایەتی (عباد الرحمن) و ئایەتی پێشەوەی چییە؟

یەكێك لەسیفەتەكانی (عبادالرحمن)ئەوەیە كە سوپاسگوزاری خوا دەكەن، پێغەمبەری خوا شەو بەبێ ئاگایی ناكاتەوەو بەشوكری خوا زیندووی دەكاتەوە، ئەمەش مانای ئەو وەڵامە بوو كە فەرمووی (افلا اكون

عبـدا شـكورا ؟) پێغەمبــەری خــوا شــەونوێژی تــەرك نــەكردووە، بــەڵای كەمــەوە هــەموو شــەوێك ١١ ركاعــەتی كـردووە. باشـتر وایـه كەمسوڵمان شـەونوێژ دوابخـات بـۆ پێش نوێـژی بـەیانی بـەنیو سـەعات یـان سـەعاتێك یـان هـــــەر كاتێـــــك كـــــەخۆی حـــــەز بكـــــات. هەنــــدێك لــــەپیاو چــــاكانی پێشــــوو نوێــــژی وتريــــان دوادەخست بۆ پێش نوێژی بەیانی هـەتا خێـری هـەموو شەوەكانیان دەست بكەوێت.

لەفەرمودەیەكـدا ( متفـق علیــه) پێغەمبــەری خــوا فەرمویـەتی: عبداللـەی كـوڕی عمـر باشـترین پیـاو بـوو ئەگـەر شـەونوێژی بكردایـە، كاتێـك كـە ئـەو هەواڵـەی بیست هەتا مرد شەونوێژی تەرك نەكرد.

**٥- شەونوێژ تەرك مەكە:**

پێغەمبەری خـوا ﷺ بەعبداللـەی كوری عاصـی وت وەك فلاَن كەس مەبن شـەونوێژی دەكـردو تـەركی كـرد. پێویستە مسوڵمان لەسەر شەونوێژ بەردەوام بێت ئەگەر بۆ ماوەی ٥ دەقیقە یان ١٠ دەقیقە یان سەعاتێك بێت.

لەفەرمودەیــەکی ســەحیحدا هــاتوە کەپێغەمبــەری خــوا ﴿ﷺ﴾ فەرمویــەتی: شــەیتان ســێ گــرێ لەجەســتەی هەرکەسـێکتان دەدات و دەڵێـت ڕاکشـێ و بخـەوە چـونکە خەوەکە باشترە. پاشـان ئـەو بـاوەڕدارە دەکەوێتـە نێـوان دوو شتەوە، ئایا گوێ بـۆ شـەیتان بگرێـت یـان بـۆ خـوای گـەورە. ئەگەر لەپێش نوێـژی بەیانیـدا هەسـتا ئـەوە گرێـی یەکـەمی کردۆتەوە پاشان ئەگەر زیکری خـوای کـردوو دەسـت نوێـژی گرت ئەوە گرێی دووەم دەکرێتەوە، ئەگەر دوای ئەوە نوێـژی کـرد ئـەوە گرێـی سـێیەمیش دەکرێتـەوە. ئـەو کاتـە هەسـت بەئارامیەك و خۆشیەکی دەرون دەکات چونکە هەست دەکات لەگەڵ خوادایە.

بەڵام ئەگەر گوێی بۆ شەیتان گرت و نوێژی بـەیانی نـەکرد ئەوە جێگەی مەترسیە، چونکە نوێژی بـەیانی ئـەو نوێژەیـە کەفریشتەکان شایەتی لەسـەر دەدەن، ﴿ **إِنَّ قُـرْآنَ الْفَجْـرِ كَـانَ مَشْـهُودًا** ﴾ ( ٧٨ ) **سـورة الإسـراء**، واتــە خوێنــدنی قورئــان لەبەیانیانـدا شـایەتیت بـۆ دەدات. چـونکە ئەگـەر کەسـێك نوێـژی بـەیانی نـەکات دەبێتـە خـاوەنی نەفسـێکی پـیس و تەمبەڵ.

بەتەجروبــەش دەرکــەوتووە کــە باشــترین شــت بــۆ ورد بونــەوەو دروســتکردنی خۆشەویستی لەگـەڵ قورئانـدا دوای نوێژی بەیانیە، باشتر وایـە مـرۆڤ لـەدوای نوێـژی بەیانیـەوە نەخەوێتـەوە، ئەگـەر خەوتیشـەوە پێویسـتە نوێـژی بـەیانی کردبێت.

پاش ئەوەی زانیمـان کەسیفەتەکانی (عبـاد الـرحمن) چـین لەروانگەی ئەو ئایەتەوە کە باسمان کرد، ئـەو کاتـە دەتـوانین بڵێین بەڵێن بدەین کە ئەو ئایەتـە جێبـەجێ بکـەین و بڵـێن خوایەگیان ئەوە بەڵێنمدا کە لە (عبـاد الـرحمن) بم ئەمـەش کارێکی گران نیە.

ئەگەر بیەوێت ئەم کـارەش بکـات ئـەوە کـارێکی گـران نیـە، چــونکە پاداشــتێکی زۆری بەردەکــەوێتو دەبێتــە خــاوەنی ئاسودەیی لەدنیاو دوارۆژدا.

ئــەمرۆ لەهــەموو کاتێــك زیــاتر پێویســتمان بــەوە هەیــە کــە بگەڕێینەوە بۆ قورئـان، چونکە روونتریـن و پـاکترین سەرچـاوەی ژیانە، ئەو سیفەتانەش کە باسمان کرد چارەسـەر بـۆ هـەموو ئـەو گرفتانەی کە هەمانەو هەر ئەمەشە عیزەتمان بـۆ دروسـت دەکـات بەرامبەر بەدوژمنان، خاکیو ملکەچ دەبین بەرامبەر بڕواداران.

# هەموو مرۆڤایەتی پێویستیان بە ( عباد الرحمن ) هەیە

ئەگەر لەبەر کۆمەڵێکی تایبەت لەمرۆڤ نەبێت خوای گەورە ئامادە نیە بونەوەر بهێڵێتەوە و کارێک بۆ مرۆڤایەتی بکات.

ئەگەر ئەو کۆمەڵە نەبن بەو سیفەتە تایبەتیانەی کە خۆی باسیان دەکات، ئەوا هەموو مرۆڤایەتی لای خوا سەنگی باڵە مێشولەیەکیان نیە، خوای گەورە لە قورئاندا مانەوەو بەردەوامی ژیانو بونەوەر پەیوەست دەکات بە بونی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە باوەڕدارە تایبەتیەوە کە خاوەن حەڤدە سیفەتی بەرز و بەرێزن.

لە کاتێکدا کە بێ باوەڕەکانو موشریکەکان ئەو پەڕی ئازارو سزای پێغەمبەری خوایان دا، بەڵام خوای گەورە داوای ئارام گرتنو دان بەخۆدا گرتنی لێکرد، تێیگەیاند ئەگەر تۆ بتوانیت کۆمەڵێك باوەڕداری خاوەن ئەو

کۆمەڵــە ســیفاتە بــەرزە پــەروەردە بکــەیت ئــەوە گــەورەترین ســەرکەوتنە بــۆ تــۆ، ئــەو کاتــەش هــەموو گرفتەکانو ئازارەکان لەبەر چاوتدا سوك دەبێتو بـەرە و کـەناری ڕزگـاری و ئـارامی هـەنگاو دەنێیـت. لێـرەدا دەکرێـت بپرسـین ئایـا ئـەو کۆمەڵـە کەسـە کـێن؟ کـێن ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ قبوڵی هەموو ئازار و ئەشکەنجە و نارەحەتیەکی کرد لەبەر خـاتری مانـەوە و پەروەردەکردنیان.

خــوای گــەورە لــە ســورەتی فرقانــدا باســی ئــەو کۆمەڵەیـەمان بـۆ دەکـات و بـە (عبـاد الـرحمن) ناویـان دەبات.

سورەتی فرقان سورەتێکی مەکییە، ئەگـەر لەسـەرەتاوە هەتا کۆتایی بیخوێنیتەوە دەبینیت هـەمووی باسـکردنە لـەئازار و ئەشـکەنجەدانی پێغەمبــەر ﴿ﷺ﴾و هاوەڵـان، تەنانەت باس لەوە دەکـات کـە گومانیـان کـردووە لـەوەی کـە مـرۆڤ بێـت، بەگاڵتـە جارِیـەوە بـاس لـە هـەژاری و نەداری دەکەن، لەبەرامبەر ئەمەدا خوای گـەورە داوا لـە

پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾دەکات کە پشت بەخوا ببەستێت و لەسەر ئازار و ئەشکەنجەکانیان ئارام بگرێت، ئەم ئارام گرتنەش تەنها بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکە لە (عباد الرحمن)، پاش ئەوە سورەتەکە باسی هەموو ئازار و ئەشکەنجەکان دژی پێغەمبەر و هاوەلأن دەکات، لەکۆتایی سورەتەکە دا باس لە سەرکەوتنی پێغەمبەر و هاوەڵان دەکات کەتوانیان کۆمەڵێك مرۆڤی باوەڕدارو ڕاستگۆ و تایبەت پەروەردە بکەن. خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: {**قُلْ مَا يَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي لَوْلَا دُعَاؤُكُمْ فَقَدْ كَذَّبْتُمْ فَسَوْفَ يَكُونُ لِزَامًا**} (٧٧) **سورة الفرقان،** {**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَي الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا**} (٦٣) **سورة الفرقان**

ئەمڕۆ هەموو مرۆڤایەتی پێویستی بەکۆمەڵێکی لەو جۆرەیە، ئەمانە کۆمەڵێك کەسی تایبەتمەندن ئێستا مرۆڤایەتی پێویستی بە (عباد الرحمن) هەیە پێویستی بە مەنهەج و ئەخلاقی (عباد الرحمن) هەیە لەبواری عەقیدەدا. لەبواری دارایی و میانڕەویدا لەبواری ڕەوشت

و تێـڕوانین بـۆ جـنس و دەیـان شـتی تـردا کـە ئێـستا مرۆڤایەتی تیایدا توشی گرفت و نەهامەتی بووە، ئەگەر ئێستا سەیری مرۆڤایەتی بکەین، توشی جۆرەها لادان و نادادپـەروەری و سـەرگەردانی بـووە ئـەویش بـەهۆی نـەبوونی کۆمەڵـە کەسانێکی لـەو جـۆرە، هـەر ئەمـەش بوەتە هۆی ئەوەی کە ئوممەتی ئیسلامی ئـەو ئوممەتـە نـەبێت کـە ڕۆڵـی شـایەتی دان بەسـەر گـەلانی تـرەوە ببینێت.

ئەویش بـەهۆی دواکـەوتنی گـەلانی مسوڵمانەوەیە لـە گەلانی تر، چونکە بەهیچ جۆرێك ناکرێت گەلێك ببێتە سەرچـاوەی سـۆز و ڕەحمـەت بـۆ گـەلێکی تـر کەلـەو دواکـەوتوو تـر و هـەژار تـر بێـت، بـەپێی یاسـاکانی سروشـت ئـەوە نـەگونجاوە، چـونکە ئوممـەتێکی لاوازی هـەژار ناکرێـت ببێتـە سەرچـاوەی سـۆزو بـەزەیی بـۆ گـەلێکی بـەرزتر لـە خـۆی، بـەڵکو ئـەم شـتە بـە پێچـەوانەوەیە، هـەر کەسـێك خـاوەنی شـتێك نـەبێت ناتوانێت ببەخشێت.

لەم بارودۆخە ناهەموارەی ئێستاکە مرۆڤایـەتی تیایـدا دەژی گرنگـی ڕۆڵـی (عبـاد الـرحمن) دەردەکـەوێت، لـە سورەتی (فرقاندا) خوای گەورە باس لە پێویست بـوونی پێشەنگ و نمونە بـوون دەکات، بـاس لـە تیـۆر و وێنـەو شـتی خـەیاڵی ناکـات، لێـرەوە قورئـان بـاس لـە گرنگـی چەسپاندنی بەها و دیدە ئیسلامیەکان دەکات لەڕێگـەی کۆمەڵە کەسانێکەوە کە ببنە نمونە بۆ مرۆڤایەتی.

قورئان تێکستێکی زیندوە لە ناوماندا، وەك ئـەوە وایـە ئەمڕۆ دابەزیبێت، چۆن گرفتەکانی ڕابردووی چارەسـەر کرد، چارەسەری پێیـە بـۆ گرفتـەکانی ئێسـتاش، کەواتـە کەمو کوڕیو ناتەواویەکان لە چیدایە؟

کـەمو کوڕیەکـە لـە ئێمەدایـە. لـەو مسوڵمانانەدایە کـە ناتوانن هـەڵگری سـیفاتەکانی (عبـادالرحمن) بـن، ئەمـە گەورەترین قەیرانی ئێمەیە، پێویستە ئێمـە چاوێك بـە خۆماندا بخشێنینـەوە، پێویستە ببینەوە بە هەڵگری ئەو سـیفاتانە، پێویسـتە ئێمـە ئوممـەتێکی نموونـەیی بـین هـەڵگری ئـەو سـیفەتە قورئانیانـە بـین، نابێـت ئێمـە

هـــەڵگری هـــەمان ســـیفەتی کەســـێکی رۆژئـــاوایی یـــان ڕۆژهەڵاتی بین، دەبێت ئێمە لەوان جیاوازیمان هـەبێت، دەبێـت ئێمـه هـەوڵی دروسـتکردنەوەی ئـەو نموونەیـه بدەینـەوە، دەبێـت ئێمـه وەك ئـەزمونێکی نـویێ خۆمـان بنیات بنێینەوە.

قـــەیرانی ئێمـــه قـــەیرانی کردەوەیـــە، زانـــای گـــەورەی هینـدی شـێخ نـەدەوی، کـه یەکێکـه لـه زانـا مسـوڵمانه بەناوبانگـەکان کتێبێکـی نوسـیوە بـەناوی ( **مــاذا خسـر العــالم بانحطــاط المســلمین**) کتێبێکـی زۆر بـه پێــزەو پێویستە هەمووومان بیخوێنینەوە.

یەکەمین سیفاتی (عبادالرحمن) کـه خـوای گـەورە بـه (عباد) ناویـان دەبـات واتـه ملکەچـی ئـەم کۆمەڵەیـه بـۆ خوای گەورە، چونکه سـەرەتای هـەموو رێگایـەکی راسـت به پەرستنو عبودیەتی خوای گـەورە دەسـت پـێ دەکـات واته ملکەچ بوون بۆ خوای گـەورەو کردنـی هـەر کارێـك لەبــەر خــوا (اخــلاص) خــوای گــەورە نــەی فــەرمووە (نوێژکـەران و زەکـات دەران)، چـونکه ئەمانـه ئـەنجام

دەدرێـن بـەبێ بـوونی (اخلاص)یـش، بـەڵام (عبودیـەت) ئەوپـەڕی (اخـلاص)ی تیـادا بەرجەسـتە دەبێـت، مانـای ئیسلامیش بریتییـە لـە ملکـەچ بـوونی تـەواو بـۆ خـوای گەورەو بەجێهێنانی فەرمانەکانی.

(عبودیـــەت) لـــە دوو ڕێگـــەوە بـــەجێ دەهێنرێـــت یەکـەمیان ئیخلاصـە بـۆ خـوای گـەورە کـە هـەموو کارەکانـت بـە جۆرێـك بێت کـە خـوای گـەورە لێـی ڕازی بێـتو بـە ویسـتی ئـەو بێـت. چـونکە نابێـت ئێمـە خواپەرسـتی بەویسـتی خۆمـان بکـەین یـا عیبادەتمـان بەجۆرێك بێت کـە پێچـەوانەبێت لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـە قورئانـدا هـاتووە. وشـەی (عبـاد الـرحمن) گوتـارە لـە سـەردەمی مەکـەدا هـاتووە. کـە ئـەو کاتـە مسـوڵمانان خـاوەنی دەوڵـەت نـەبوون. وەسـفێکە لـەم وشـەیەدا بەمانای کۆ هاتووە. واتە ئـەم ئەرکـە ئـەرکی کۆمەڵێکـە، ئـەم ئەرکـە بەتاکـە کەسـێك جێبـەجێ نابێـت، فـەرمان کردن بە چاکەو ڕێگەگرتن لـە خراپـەو بڵاوکردنـەوەی ئیسلام.

خوای گەورە وەسفی ئەم کۆمەڵە باوەڕدارە دەکات بە (عباد الرحمن) نەی فەرمووە (عباد الله) سەرەڕای ئەوەی کە (الله) گەورەترین ناوی خوایە، هەروەها نەی فەرمووە (عباد الجبار) کە تەعبیرە لە هێزو تواناو گەورەیی، بەڵکو فەرموویەتی (عباد الرحمن) کە ئەمەش دوو مانا لەخۆ دەگرێت.

یەکەمیان بەمانای ئەوە دێت کە کۆمەڵەو گەلو دەوڵەت نابێت لەسەر بنەمای هێزو ترساندنو تۆقاندن بنیات بنرێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای سۆزو خۆشەویستی بێت. (لو انفقت مافي الأرض جميعا....) ئایا چۆن خۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت؟ هەر قورئان پێمان دەڵێت (فاعف عنهم واستغفر...) ئەم سەرچاوەی سۆزو خۆشەویستیە لێ خۆشبوون و راوێژکردن و رێزگرتن و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە کە سەرچاوەی خۆشەویستیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

بنەماکانی سۆز لە کۆمەڵگەدا بریتییە لەوەی کە تۆ خەڵکت خۆش بوێتو ئەوانیش تۆیان خۆش بوێت. تۆ لە ئەوان ببوریتو ئەوانیش لەتۆ ببورن، راوێژیان پێ بکەیتو رێز لە کەرامەتیان بگریتو بە بەرپرسیارێتیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت.

## ترسان لەخواو لەرۆژی دوایی سەرچاوەی سەرەکی پیادەکردنی داد پەروەریە

لێرەدا باس لەدوو سیفەتی گرنگ لە سیفەتەکانی (عباد الرحمن) دەکەین، کەیەکەمیان ترسێکی گەورەیە لەخوای گەورە کە ئەویش ترسانە لەبەرەو رووبونەوەیەی سزای ئاگری دۆزەخە کە ئەوەش دەبێت وای لێ بکات کار بۆ رەزامەندی خوای گەورە بکات {**وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا**} (٦٣) **سورة الفرقان**. سیفەتی دووەم بریتیە لە نزاو پاڕانەوەی بەردەوام کە ئەویش لەترسێکی زۆر لەخواوە دروست دەبێت، لەبەرئەوە باوەڕبون بەرۆژی دوایی لەسزاو پاراستنەکانی لەگرنگترین بنەماکانی ئیمانە لەدوای ئیمان بون بەخوای گەورە، چونکە ئەو ترسە رێگرە لەمرۆڤ کە بیگێڕێتەوەو نەهێڵێت تاوانو ستەمکاری

بكات. چونكه مرۆڤ دەزانێت هەرچەند بەهێزو بەتواناو دەوڵەمەنـد بێـتو دەسـەڵاتی بـەهێزی هـەبێت. ڕۆژێـك دێـت كـه دەمرێـتو بـەخوای گـەوره دەگاتـەوەو لەسـەر هــەموو كردەوەیــەكیان لێیــان دەپرســێتەوە، مرۆڤــی بــاوەڕدار كاتێــك كــه بــیر لەســزاو ئــاگرو بەڵێنــەكانی دەكاتەوە بـۆ كەسانێك كـه تـاوانو سەرپێچی بكـەن، لـه ئـــەنجامی تـــاوانو سەرپێچـــی دەگەڕێتـــەوەو ڕووو لەچاكەكاری دەكات.

ئــەم ئایەتــه پــیرۆزه لــەدوای دوو شــتی ســەرەكیەوە هاتوه{**وَالَّذِينَ يَقُولُـونَ رَبَّنَـا اصْـرِفْ عَنَّـا عَـذَابَ جَهَـنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَـانَ غَرَامًـا** } (٦٥) **سـورة الفرقـان**، لێـرەدا سـێ سیفەتی سەرەكی بـاس كـراوه ئـەویش سـلوكی كـرداریو سلوكی گفتاریه. ئەمەش لەكاتێكدا كه باسی مافی مـرۆڤ لەســەر مــرۆڤ دەكــات، لەسێیەمیشــدا باســی چــاكی هەڵسـوكەوتوو مامەڵـه لەگـەڵ خـوادا دەكـات{**وَالَّــذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمْ سُجَّدًا وَقِيَامًا**} (٦٤) **سورة الفرقان**.

ئێمـــه لـــەرابردودا زۆر کەوتوینەتـــە ژێـــر کاریگـــەری ڕۆژئاوا بەتایبەتیش لەبوارەکانی مافی مرۆڤو ڕێزگرتنی کاتو بەڵێنەکانو تەنانەت مافی ئاژەڵانو ڕوەکـەکانیش، بــەڵام لەراسـتیدا ئــەو بەهایانــەی ئــەوانیش سـنوردارەو تــەنها لەسـنورە جوگرافیەکـەی خۆیانـدا مامەڵـەی پــێ دەکەنو تەنها مەبەستیان رەگـەزو کۆمـەڵێکی مرۆییـەو ئێســتاش ئـــەوە بـــەرەو کـــزیو لێژبونـــەوە دەچـــێت بەتایبەتیش کاتێك مامەڵە لەگـەڵ ئـەوانی تـردا دەکـەن، کــە بەچــاوێکی ناهاولاتیــەوە ســەیریان دەکــەنو زۆر جاریش هەڵوێستی رەگەز پەرستانە دەردەبڕن.

بۆ نمونە سەیری ئەو بزافە رەگەز پەرستیە نوێیە بکە کـە لەفەڕەنسـا سـەری هەڵـداوە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ کۆچـبەراندا دەکـەن بەتایبـەتی مسـوڵمانەکان، هـەروەها سەیری ئەڵمانیا بکە چۆن راوێژکارەکەی دەڵێت: کلتوری ئەڵمانی کلتورێکی مەسیحی جولەکەیـە، کەئەمـەش زۆر ناڕاســـتە، چـــونکە ئەڵمانیـــەکان ئەوانـــە بـــوون کـــە کوشتارگەکانی هۆلۆکۆسیان دژی جولەکە دروست کـردوە

لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا. هەروەها ئەوەش کە ئەمەریکا لەزیندانەکانی ئەبوغریب ئەنجامیدا، ئەوەش کە لەگرتوخانەکانی گۆنتانامۆدا ئەنجامی دەدات.

ئەمانە هەمووی بەهۆی ئەوەوەیە لەخواو لەدوارۆژی دواییان ناترسن و بڕوایان بەگەشتنەوە بەخواو بەسزاکان نیە.

لەبەرئەوە چاکی مامەڵەکردنی کرداریی‌و گوفتاری باش‌و مامەڵە کردن لەگەڵ خوادا تەنها لە ڕێگەی باوەڕ بەرۆژی دوایی و ترسان لەئاگرو دڵخۆش بون بەچونە بەهەشت دروست دەبێت.

قورئان زۆر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئیمان بوون بەرۆژی دوایی، چونکە دنیا پڕە لەستەمکاری ئەو ستەمکاریانەش تەنها لە ڕێگەی دادگای عەدالەتی خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا تۆڵەیان لێ دەسەنێتەوە، لەبەرئەوە تەنها ئیمان کە دەبێتە مایەی بەردەوامی بەها مرۆییە بەرزەکان و بەبێ ئەم ئیمانە ئەم بەهایانە دەبنە مامەڵەیەکی کاتی ڕۆژانە پەیوەست دەکرێتەوە بە

بەرژەوەندیەکانەوە. دەشێت تۆ مامەڵەو هەڵسوکەوتت لەگەڵ مندا باش بێت چونکە بەرژەوەندیت لەگەڵ مندا هـەبێت، ئەگـەر ئـەم بەرژەوەندیـە گـۆڕا، ئـەوا تـۆش هەڵوێستت دەگۆڕێت.

هەرکەس بەپێی بەرژەوندی مامەڵە بکات لە سیفاتی (عبادالرحمن) دێتە دەرەوە، لە راستیدا نابێت مامەڵەی (عبـــاد الـــرحمن) پەیوەســـت بێـــت بـــە هـــیچ بەرژەوەندیەکەوە. تـەنها بەرژەوەنـدی ئـەوە نـەبێت کـە شتێك لە ئـاگر بتپارێزێـت یـان بەهەشـتت دەسـت بخـات ئـەویش لـە رێگـەی عیبـادەت کردنـەوە. دەبێـت ئـەو خواپەرستیەش بە جۆرێك بێـت کـە هەسـت بکـەی خـوا دەبینیت، ئەگەر ئەوانیش خوا نەبینن ئـەوا خـوا ئـەوان دەبینێت کە ئەمەش پلەی (أحسان)ە. کە پلەی سێیەمە، یەکەمیان ئیمانە دووەمیان ئیسلامە سێیەمیان أحسانە.

پاشـان ئایەتەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ لایـەنی کـرداری {**وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَامًا**} ( ٦٧ ) **سورة الفرقان**

باوەڕبوونـت بـەخواو بـە ڕۆژی دوایـی و هەڵسانت بـۆ شەو نوێژ پەیوەستە بە رابردووەوە لە ڕێگەی ئـەخلاق و سلوکەوە، پەیوەستە بە داهاتوتـەوە لـە ڕێگـەی مامـەڵـە کردنت لەگەڵ سامانی دارایی، زانایانمان چوار تەفسیریان هەیە بۆ ئەم ئایەتە.

یەکەمیان ئەوەیە کە ماڵ و سامانت خەرج بکەو نابێت زیادەڕەوی بکەیت و سەرپێچی خوای پێ ئەنجام بـدەیت، دووەمیان {**وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا**} ( ٦٧ ) **سورة الفرقـان**. مانـای وایـە ڕێگـە لـە حـەقی خـوا بگـرن پێغەمبـەری خـوا ﴿ﷺ﴾ لـە فەرمودەیەکـدا دەفـەرموێت ( هـەر کەسـێك شـتێك بـە ناحـەق بـدات ئـەوە زیـادەڕەوی کـردووە، هـەر کەسـێك ڕێگە لە هەقێك بگرێت ئەوە تاوانی کردووە ).

لە کاتێکدا کـە ئـەم ئوممەتـە وازیـان لـە زۆرینـەی ئـەم سیفەتانە هێنا، ئەم ئومەتە لە ناوخۆدا رووی لـە لاوازی کـرد، چـونکە ئوممـەتی بـەهێز ئەوەیـە کـە لـەناو خـۆدا یـەکگرتوو بێـت و وەك جەسـتەیەك وابێـت، بـەڵام

بەداخـەوە ئـەمڕۆ ئوممـەتی ئیسلام بـەهۆی ئـەو بـارە ناڵـەبارەی کـە هەیـەتی هـەموو نەتـەوەکان داباریونەتـە سـەرمان و بـەهاو ئـەخلاقیاتی خۆیانمـان بەسـەردا دەسەپێنن کە هیچ پەیوەندی بـە ئـاین کلتـوری ئێمـەوە نیـە، لەلایـەکی تـرەوە کیـانی زایۆنیـان چـاندووە لـە ناوماندا و دەستی گرتووە بەسەر قودسی پیرۆزو ئیستاش ( کەنیسەی) ئیسرائیلی بریارێکی دەرکـردوە کـە دەبێـت سێیەکی پەرلـەمان بڕیـار بـدات ئینجـا ئیسـرائیل لـە ناوچە داگیر کراوەکان پاشەکشە دەکاتو دوای ئـەوەش مەسـەلەکە دەخرێتـە بـەردەم راپرسـی گشـتی و ئەنجامەکەش دەبێتە بڕیار.

بسم الله الرحمن الرحيم

{وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَالِحاً فَإِنَّهُ يَتُوبُ إِلَى اللَّهِ مَتَاباً * وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَاماً * وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمّاً وَعُمْيَاناً * وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا * أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَاماً} الفرقان(٧١–٧٥)

# خوای گەورە لەگەڵ ئەوانەدایە
# کە پارێزگارو چاکەکارن

وەك هیـواو گەشـبینیەك لەگـەڵ (عبـاد الـرحمن)دا ژیاین بەو هیوایەی خوای گەورە هەمومان بکاتە (عباد الـرحمن) لەگـەڵ خەسـڵەتەکانیاندا یـان هەنـدێك لەسیفاتەکانیاندا ژیاین، هەروەها باسی هەڵبژاردنی ئەم ووشەیەمان کرد لەسورەتی (الفرقان) دا، خـوای گـەورە ئـەو سـیفاتو خەسـڵەتانەی هـەروەها ئـەو ئاکامـە گەورانـەی کەبـەرەو بەهەشـتو شـوێنە دڵگیرەکـانی و فیردەوسی بالأی لێ دەکەوێتەوە هیـچ ووشەیەکی تری جگـە لەمـە هەڵنەبـژاردوە بـەڵکو ئـەو ووشـە جوانـەی بـەکارهێناوە ئـەویش(عباد الـرحمن) ە هۆکارەکانیمـان ڕوون کردەوە و باسی ئـەو پەیوەست بونـەی نێوانیـان ئـەم ئایەتـە یـاخود ئـەم ووشـەیەمان کـرد لەگـەڵ

ئایەتەکانی پێشتردا، ئەمرۆیش بەویستی خوا بەشێکی تر لەوەی کە دەتوانین تێی بگەین یاخود لەم ئایەتانەی کـەلێی هەڵدەیـەنجین باسـەکە تـەواو دەکـەین، کـە هەمیشـە داوامـان لێ دەکـات لێـی وردبینـەوەو بـەدڵو گیانو هەستو ڕەفتارمانەوە لەگەڵیدا بژین.

خـوای باڵادەسـت دەربـارەی خەسـڵەتەکانی ئەوانـەی کەشایسـتەی بەهەشـتن بەفـەزڵی خـۆی پاشـان زۆر بـەووردی ئـەو خەسـڵەتانە بـاس دەکـات، بۆچـی؟ هـەتا خۆمـان لەبـەردەم ئـەو خەسـڵەتانەدا ببینینـەوە داخـۆ هەڵگری ئەم خەسڵەتانەین یان نا.

ئـەوەتا خـوای گـەورە دەفـەرموێت: {**وَعِبَـادُ الـرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَـى الْـأَرْضِ هَوْنًـا وَإِذَا خَـاطَبَهُمُ الْجَـاهِلُونَ قَـالُوا سَـلَامًا**} (٦٣) **سـورة الفرقـان**، باسـی پەیوەنـدی نێـوان ئـەم ئایەتـەو ئـەو ئایەتـەی ڕاسـتەوخۆی پـێش خـۆی دەکـەین لەگـەڵ ئـەو دوو ئایەتـەی یـان ئـەو سـێ ئایەتـەی کـە ڕاسـتەوخۆ دوای ئـەم ئایەتـە دێـن، کاتێـك قورئانی پیرۆز پێش ئەوەی ئەم دوو ئایەتە بـاس بکـات

فەرمويەتی: {وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا} (٦٠) سورة الفرقان.

باسی ئەوەمان کرد کەهەڵبژاردنی دەستەواژەی (الرحمن) لەجياتی زاراوەی (الرحيم) لەبەر دوومەبەستی سەرەکيە:

مەبەستی يەکەم ئەوەيە کەلەسەردەمی نەفاميدا زاراوەی (الرحمن) زياتر بلاّوبوە وەك لە (الرحيم) بۆيە خوای گەورە ئەم ووشەيەی بۆ جياکردنەوە هەڵبژارد، لەو سەردەمە بۆ ئەوەی مسوڵمانان خاوەنی زاراوەو دەستەواژەی تايبەت بەخۆيان بن مادامەکی بکرێت،.

مەبەستی دووەم ئەوەيە کەزاراوەی (الرحيم) ڕەوانبێژ ترە لەزاراوەی (الرحمن) لەبەرئەوەی زيادەی بونياد بەڵگەيە لەسەر زيادەی مانا زاراوەی (الرحيم) چوار پيتە، بەلاّم (الرحمن) پێنج پيتە ئەمەيش بەڵگەيە لەسەر ئەوەی کاتێك (الرحمن) بۆ خوا

دەگەڕێتەوە ئەوا مانای وایە (الـرحمن) زۆر بـەڕەحمترە لەهەر بەڕەحمێکی تر، کام ڕەحم دەتوانێت شانبەشانی ڕەحمانیەتی خوای بەڕەحم بێت، باسێکی تـر سـەبارەت بـە پەیوەسـت بونەکەیـە، ئەوەیـە کاتێـك خـوای گـەورە فـەرمانی کـرد (بەهاوەڵدانـەران) کـرد سـوجدە بـەرن، ئەوانیش ڕەتیان کردەوە، خـوای گـەورە روونـی کـردەوە کە سوجدە بردن سەرەتای ڕێگاکەیە نەك کۆتاییەکـەی، بــەڵکو بەندایــەتی کــردن تــەنها بەســوجدە بــردن نایەتـەدی بـەڵکو بـەم خەسـڵەتانە دێتـەدی کـەژمارەیان دەگاتە ١٧خەسڵەت یان ١٧ تایبەتمەندی، لێـرەوە وەڵامـی ئــەم موشــریکانە دەداتــەوە و دەفــەرموێت: ســوجدە بردنتان سەرەتای ڕێگاکەیەو نوێژکردنو ملکەچ بون بۆ خـوای گـەورە بنەمایەکـە، بـەڵام دەبێـت بـەدوای ئـەم بونیـادەدا ڕەفتـارو کـردار بێـت، ئەمـەیش پەیوەسـت بـونێکی تـری نێـوان ئـەم ئایەتـەو ئـەو ئایەتـەی تـرە کەدەفەرموێت: ﴿**وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اسْجُدُوا لِلرَّحْمَنِ قَالُوا وَمَا**

**الرَّحْمَنُ أَنَسْجُدُ لِمَا تَأْمُرُنَا وَزَادَهُمْ نُفُورًا}** (٦٠) **سورة الفرقان.**

يەكێكی تر لەپێكەوە گرێدانەكان ئەوەیە ئەم ئایەتەو ئەو ئایەتەی تر كەڕاستەوخۆ دوای ئەم ئایەتە دێ یان دوو ئایەتەكەی تر {**تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاء بُرُوجاً وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجاً وَقَمَراً مُّنِيراً**} **الفرقان٦١**

هەروەها دەفەرموێت: {**وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ خِلْفَةً لِّمَنْ أَرَادَ أَن يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُوراً**} **الفرقان٦٢** ، خۆشەویستان پێكەوە بەستنی نێوان ئەم ئایەتە پیرۆزەو ئەو ئایەتەی پێشو لەدولایەنەوە، لایەنی یەكەم ئەوەیە شوێنگەی بەندایەتی كردن لەدوای شوێنگەی( **الوهیەت** ) دێت، ئێمە یەكتاپەرستیو باوەڕبونمان هەیە بە الوهیەتی خوایەتی خوامان هەیە لەگەڵ تاكو تەنهایدا، هەر ئەوە كە دروستكارو بەدیهێنەری هەمو شتێكە، پاشان لەم باوەڕبونەوە بەخوای بالادەست بەندایەتی كردن بۆ خوای بالادەست دەست پێ دەكات، كەواتە ڕیزبەندیەكی زۆر جوان

هەیە لەنێوان (الوهیەت) یان یەکتاپەرستی (الوهیەت)و پاشان دڵسۆزی بونی بەندایەتی کردن بۆ خوای گەورە.

شتێکی تر دەربارەی ئەم پێکەوە بەستنە ئەوەیە کەبەندایەتی کردنی ڕاستەقینە هەرگیز فەراهەم نایەت مەگەر بەبونی قەناعەتێکی تەواو لەمیانەی باوەڕێکی چەسپاو، لەمیانەی دڵنیایەکی یەکلاکەرەوە، ئەم باوەڕە بەوە دێتەدی کاتێك ئادەمیزاد سەیری گەردون دەکات بەمەش لەمیانەی ئارەزوەوە بەرەو باوەڕبون بەخوات دەبات، ئەو کاتەی کە باوەڕت بەخوای تاكو تەنها دەبێت ئیتر ئەو باوەڕەت داوات لێ دەکات کە ئەو زاتە بپەرستی کە دروستی کردویتو بە بەندایەتی کردنت سوپاسگوزاری ئەو زاتە بیت کە تۆو ئەم گەردونەی فەراهەم هێناوە.

خۆشەویستان زۆرینەی خەڵکی باوەڕیان بەخوا هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر پرسیارت لەموشرکین بکردایە سەبارەت بەدروستکردنی ئاسمانەکانو زەوی دەیان وت

خوایـه، هـەتا ئێـستایش هـیچ جیاوازیـەك نیـە لـەم بارەیەوە، تەنانەت ئەو کەسانەی کەباوەڕیان بەسروشت هەیە ئەم جۆرە باوەڕەیان هەیە کە خوایەك هەیـە، کـە ئەوانەی باوەڕیان بەوە نیە کە ئەم گەردونـە خوایـەکی هەیـە ئەگـەر چـی لەچۆنیەتی ئـەو خوایـەدا جیـاوازن، بۆیە لێرەدا خـوای گـەورە ئـەوەمان بـۆ روون دەکاتـەوە کە ئەم باوەڕبونە بە بەدیهێنـەرو تـاکو تەنهایـە دەبێـت بەندایەتی کردنی بەشوێندا بێت.

کەواتــە لێــرەدا پێویـسـت دەکـات لەسـەرمان نابێـت ئێمەی بـاوەڕداران باوەڕەکـەمان لاسایی کردنـەوە بێـت، نابێـت باوەڕەکـەیان لاسـایی کردنــەوەی باوباپیرانیـان بێت، بەڵکو باوەڕی چەسپاو بەووردبونەوە دێتەدی لەم گەردونـە بەرفراوانـە بـێ کۆتایـە، ئـەو گەردونـەی کـە ئەگـەر بــەجوانی لێـی وردبیتــەوە ئـەوا دەتگەیەنێتـە بەدیهێنەرەکەی، لەم بارەیەوە چـەندین پـەڕتوك هەیـە لەوانــە پــەڕتوکێك هەیـە بـەناوی (خـوا لەسـەردەمی زانست دا دەدرەوشـێتەوە) باسـی دەیـان بـەڵکو سـەدان

زانای گەورە دەکات، ئەوانەی کە باوەڕیان بەخوا نەبوە، بـــەلاَم کاتێـــك لەزانســـتەکاندا قـــوڵ بونـــەوە، ئـــەم لەگەردیلـــەدا ئـــەو لـــەفیزیادا ئـــەویان لـــەکیمیادا ئـــەو لەکشـــتوکاڵدا ئـــەو لەزانســـتی خانـــەدا لـــەجیۆلۆجیادا، کاتێـــك گەیشـــتنە خاڵـــەکان ژێـــری کـــۆڵ بـــو بـــەدەرك کردنیان، بـاوەڕی تـەواو چەسپاویان لەبەرانبـەر خـوادا بـۆ دروسـت بـوو کـەخوا بەدیهێنـەرەو مـرۆڤ نـاکریٚو ناتوانێـت بگاتـە ئـەوەی تەنانـەت گەردیلەیـەك یـان خانەیەکیش دروست بکات، لێرەدا ئەم باوەڕە باوەڕی ڕۆشناییە لەمیانەی ئەو وردبونەوەیە دێت کەباسمان کرد، ئەمەیش ئەو باوەڕەیە کە چاو لێکەری نیە.

پاشـان دەچـینەوە نـاو هـەمان ئایـەتی پـیرۆز ( **وَعِبَادُ الرَّحْمَنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا** ). سـەرەتا خـوای گـەورە ووشـەی (**الـذین** ) ەی بـەکارهێناوە، دەمـەوێت بڵێم هەرچەندە ئەمە لەوانەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان شتێکی پسپۆڕی بێت، بەلاَم هەوڵ دەدەم بۆ ئێوە روون

بکەمەوە هەتا  لە پرۆگرامی  ووردبونەوەو بیرکردنەوە تێبگەین.

کاتێـك لەگـەڵ قورئانـدا دەژیو دەگەیتـە راسـتی بـێ خەوش  بەوەی کەپیتێك نیە لە قورئاندا کە دانرابێـت لـەو شـوێنەی خۆیـدا، بەدڵنیایـەوە مانـاو مەبەسـتو بەڵگەی خـۆی هەیـە خـاوەن موعجیزەیـە بەشـێوەیەکی زۆر وورد وەك خـوای گـەورە بۆمـانی روون کردۆتـەوە ئـەم گەردونـەی فەراهـەم هێنـاوەو ئـەژماردی کـردوە هەرجۆرە ناڕێکیەکی تیا رووبدات وەك چۆن مـرۆڤیش وایـە، ئـەوا دەبێتـە مایـەی تێکچـونی شـیرازەی ئـەم گەردونـە قورئـانی پیرۆزیـش وایـە، لەبەرئـەوەی لای خواوەیـە گـەردون دروسـتکراوێکی خوایـەو قورئـانیش لای خواوە دابەزێنراوە بۆ ئێمەی مرۆڤ کەواتـە قورئـان وەك پـــەڕتوکێکی خـــوایی ســـەیرکراوە گـــەردونیش دروستکراوێکی بینـراوی خـوای پـەروەردگارە ، گـەردون بـەرەو بـاوەڕبون بـەخوا دەتبـات و قورئـانیش فێـرت دەکـات چـۆن خواپەرسـتی بکـەیت، پێکـەوە گرێـدانی

نێوان گەردون  کە پەڕوتکێکی بینراوە و نێوان قورئـان کـە پــەڕتوکێکی خــوێنراوە، ئەمەیــە فێــرت دەکـات خواپەرستی بکەیت کەواتە وەسفی (**الذین**) لێرەدا هەر لەخۆوە نەهاتوە، هەروەکو لـەجاری پێشودا باسـم کـرد ئەم وشانە هـەموویان بەسیفەتی کـۆ وتـراون، ئـەویش لەبــەر گرنگــی کۆمــەڵو گرنگــی کۆمەڵگایــەو لەگــەڵ ئەوەیشـــدا بەرپرســـیاریەتی دوو بەرپرســـیاریەتیە، بەرپرسـیاریەتی تـاکو بەرپرسـیاریەتی کۆمـەڵ دەبێـت تـاك وابەسـتە بێـت بەکۆمەڵـەوە، دەبێـت کۆمـەڵ پێـك بێنێـتو نابێـت لـەنێو کۆمەڵدا بەتـەنهایی بمێنێتـەوە، لەبەرئــەوەی کۆمەڵگــە کــاری تــێ دەکــاتو  خۆیشــی کاردەکاتە سەر کۆمەڵگە، بەخێرەوە کاری تێ دەکرێـتو کـار دەکاتــە ســەر خێــر )و (**عبــاد الــرحمن الــذی**... ) ئەگـەر بکرێـت بڵێیـت (عبـاد الـرحمن)  تـاکو نەچـێتە بازنەی (**ایاك اعبد وایـاك اسـتعین**) بـەڵکو (**ایـاك نعبـد وایــاك نســتعین**)، بەکۆمەڵگــە، کەواتــە وەك لــەجاری پێشودا ووتم بەرپرسیاریەتێکی کۆمەڵی هەیە ( لێـرەدا

وشەی (**الذين**) هەڵبـژێردراوە  هـەروەك زانایانی زمـان دەڵـێن لـە(اسماء ی موصـولەیە ، دیـارە اسمـای موصـولە اسماء موصولە بۆ معروفە، ئەمە مانای چیە؟

ئەمـە واتـە ئـەم جۆرە بەندانـە ناسـراون،  کەسانێکی نـــــــاوازەن  بەڕەفتارەکانیانـــــــــەوە نـــــــــاوازەن بەرەوشـــــتەکانیانەوە ناســــراون بەهـــــەموو شـــتێکی جیاوازەوە ناوازەن، بۆ نمونە من کاتێك کە لەهەنـدەران دەبم  دەچــــمە چێشـــتخانەیەکەوە لـــــەڕێی جـــۆری خواردنەکەیانــەوە دەزانم مسـولْمانن یــان نــا، لــەڕێی خواردنیان بەدەستی ڕاست بـە (بسـم اللـە) کردنیانـەوە سوپاســـی خـــوا دەکـــەن، یـــان لـــەڕێی شـــێوازی ڕۆیشـتنەکەیەوە  لـەڕێی هـەموو شـتێکیانەوە کەواتـە لێــرەدا ووشــەی ( **الـــذين** ) بـۆ ناسـراوە بۆیـە دەبێـت مسوڵمان بەم شێوەیە بێت، دەبێت بـەخێرەوە ناسـراو بێـــت وەك پێغەمبـــەر ﷺ دەفـــەرموێت: (وەك نیشـانەیەکی سـپی  بـن بەسـەر مانگایـەکی ڕەشـەوە، سـەیرکەن چـەند جـوان دەبێـت)  بۆیـه دەبێـت

مسـولْمانيش لـەرِەفتارو رِەوشـتيەوە بـەم جـۆرە بێـت، نابێـــت مســـولْمان بـــەو شـــێوەيە بێـــت وەك ئـــەو فەرمودەيـەی پێغەمبـەر﴿ﷺ﴾كەدەفـەرموێت: "نابێـت مســولْمان خــاوەن كەســايەتيەكی لاواز بێــتو لــەنێو خەڵكيدا بتوێتـەوە"نەكـەی خـاوەن كەسايەتيەكی لاواز بی ئەگەر خەڵكی خراپ بون تـۆيش خـراپ بيـت، يـان چـاك بـن تـۆيش چـاك، بـەڵكو كەخـەڵكی چـاك بـون ئێـوەيش چـاك بـنو چـاكەكانتان زيـاتر بێـت، ئەگـەر خەڵكيش خراپ بـون دەسـتيان بگـرە مەهێڵـە خراپكـار بن، يان لانی كەم شوێنيان مەكەوە.

لێــرەدا ئــەم تــاك بونــە ئاماژەيەكــە بــۆ روناكيــە دەرەكيــەكان ئاماژەيــە بــۆ كارەكتــەرە دەرەكيــەكان، ئاماژەيە بۆ ئەو ژينگە دەرەكيـەی ئـەم مرۆڤـە، هەنـدێ كەس لەلايەنی بەشەيتانی كردنـی شـەيتانەوە واگومـان دەبەن كە خۆدەرخستنيان بەديمەنی ئيسلام بونيانـەوە دەيانخاتـە رِياكاريـەوە ئەمـە رِيانيـە، كەسێكی وابەسـتە بەئاييـنەكەتـەوە بـا دەسـتەكانت وابەسـتەبن بـەخواوە،

بــەڵکو بێجگــە لــەوە هــەرگیز ڕیاکــاری و دوڕویــی لەڕوخساردا نیـە بـەڵکو ( **وَعِبَـادُ الـرَّحْمَنِ الَّـذِينَ يَمْشُـونَ عَلَـى الْـأَرْضِ هَوْنًـا** ).، **يَمْشُـونَ عَلَـى الْـأَرْضِ هَوْنًـا**: واتــە بەســــەر زەوی دا بــــەعیززەت و لەگــــەڵ ئەوەیشـــــدا بەخۆبەکــەم زانیـــەوە بـــڕۆن، ئــەم دوو وشــەیەمان لـەکوێوە هێنـا؟ خۆشەویسـتان لەووشـەی ( **يمشـون علـى الارض** ) ی دا لەزمانی عـەرەبی دا (علـى ) بـۆ تەمکینـە واتــە ئەوانــە لەســەر زەوی دا بەدەســەڵاتن جێنشـینن لەســەر زەوی دا بەزانسـت و بەسـامانو بەڕۆشـنبیری‌و بەشارســتانیان هــەر بەســادەیی بەســەر زەویــدا نــاڕۆن، بەڵکو بەعیزەت و سەربەرزیەوە بەسەر زەویـدا دەڕۆن، لەگـــەڵ ئەمانەشـــدا بـــەئارامی و هێوریـــەوە دەڕۆن بەســەریدا خــۆ بەکــەم زان لەگــەڵ ئەوەشــدا خۆبەکــەم زانــن لەســـەر خـــۆو نـــەرمونیانن‌و خـــۆ بەگــەورەزانو ســتەمکار نــین لەهــەمان کاتــدا خۆیــان ناشــکێننەوە بەسەرشـــۆڕیەوە نـــاڕۆن بـــەڕێگادا بـــەجۆرێك نزمـــی بنــوێنێ، لەهــەموو شــتێکدا میــانڕەون وەك قورئـــان

لەئایـەتێکی تـردا باسـی دەکـات، کەواتـە (**يَمْشُـونَ عَلَـى الْـأَرْضِ هَوْنًـا** ) واتـە بـەعیزەت و سـەرفرازو بـەتواناوە بەسەر زەویدا دەڕۆن، هەر ئەمەیشە کە ئێمـە بـۆ ئـەم ئوممەتەمان دەوێت، ئەگەر ئوممەتی ئیسلامی هێزیـان هەیە بەشانازی کردنەوە دەڕۆن بەسەر زەویدا.

لەبەرئــەوە مســوڵمان نایــەوێت بەســەر زەویــدا ســـــتەمکاری بنــــوێنێ، تەنانـــــەت لەمەســــەلەی ڕزگارکاریـەکانی ئیسـلام دا بـۆ ئـەو داگیرکـاری نـەبو، بەڵکو بۆ گەیاندنی خێر بوو، نەیان دەویست مرۆڤەکان سەر شۆڕ بکەن، چونکە مرۆڤ لەئیسلامدا ڕێز لێگیراوە، لەبەرئەوە خەڵکی لەهەموو دەروازەکانـەوە هاتنـە نێـو ئیسـلامەوە، لەبەرئــەوە خــوای جیهانیــان لەوەســفی هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوا ﴿ﷺ﴾ هـەمو ئەوانـەی کـە لەگـەڵ پێغەمبـەر دا بـون لـەخزمان و هـاوەڵانی تـر، خـوای گـەورە بـەوە وەسـفی کـردون کـە دەفـەرموێت: {**مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاء عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ** }**الفـتح٢٩**، **أَشِـدَّاء عَلَـى الْكُفَّـارِ**: واتـە لـەکاتی

جەنگدا نەك لەو كاتەی كە لەگەڵمان دەژین، ئەو كاتەی لەوڵاتماندا دەژین لەئەستۆی خوای گەورەو پێغەمبەرەكەیدان ﴿ﷺ﴾ئەوەتا ئەو نازدارە دەفەرموێت:" ئەوەی ئازاری نامسوڵمانێك بدات ئەوا بۆنی بەهەشت ناكاتو چاوی پێ ناكەوێت" لەكاتێكدا بۆنی ئەو بەهەشتە ڕێگای چل ساڵ دەڕوات، وەك ئەوەی كە لەعێراقدا ڕوودەدات بەتەقاندنەوەی كەنیسەی مەسیحیەكان، هەروەها تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمب ڕێژكراو لەناوچە مەسیحی نشینەكاندا، ئەمانە پێچەوانەی شەرعی خوایە پێچەوانەی (عباد الرحمن) ە ئەوانە لەكاتی جەنگ لەگەڵیاندا زۆر توند دەبین، بەلاّم لەكاتی ئاشتی دا بەبەزەین، بەلاّم لەنێوانماندا ئەوا بەردەوام بەڕەحمو میهرەبان دەبین لەنێو یەكداو لەنێو سەرجەم مسوڵمانان‌دا، بەهەموو مەزهەبو تیرەو تایەفەیەكمانەوە، پێچەوانەی هۆنراوەی ئەو شاعیرە نابین كە دەڵێت:" بەسەر ئێمەوە شێرە بەلاّم لەكاتی

جەنگــدا کــوێرە، لــەنێو مســوڵمانانـدا توندوتیــژو بــەعیزەتن بــەڵام لەبــەردەم بــێ باوەڕانــدا ملکــەچ و سەرشـۆڕن" نـەخێر شـتی وانابێـت، بـەڵکو مسـوڵمان دەبێـت هەرکەسـێك کـە دەکەوێتـە بازنـەی ئیسلامەوە دەبێت لەبەرانبەری میهرەبان و بەبەزەیی بێت ، بـەڵام لـەکاتی جەنگدا بـەهێزو تونـدو تیـژە، چونکە جـەنگ واپێویست دەکات ، هەموو ئەم مانایانە لـەم دووشـەیەدا کۆدەبنــەوە ( **يَمْشُــونَ عَلَــى الْــأَرْضِ هَوْنًــا** ) کەواتــە وەسفەکەیان لەمـە پێـك دێـت، نـە کەسانێکی خۆبـەزل زان و نەشانازی دەکەن بەخۆیانو نەستەمکارن {..... **وَلَا تَمْشِ فِـي الْـأَرْضِ مَرَحـاً إِنَّ اللَّـهَ لَـا يُحِـبُّ كُـلَّ مُخْتَـالٍ فَخُــورٍ}** **لقمــان١٨** لەئایــەتێکی تــردا خــوای گــەورە دەفـەرموێت: **{وَلاَ تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحاً إِنَّـكَ لَـن تَخْـرِقَ الأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً }** **الإسراء٣٧**

تۆچیت و چیت کـردوە وەك یـەکێ لـەزانایانی پێشـین فەرمویەتی: کاتێك خۆبەزل زانێك دەبینێ پێی دەڵێت تۆ لەنێوان دوو باسی مەترسیداردایت، لـەنێوان تۆیـەك

دایت كە هەمووومان دەزانین، پاشان لاشەیەكی بۆگەن كردودا، ئەو كاتەی كە مرۆڤ دەخرێتە نێو گۆڕەوە چۆن بۆگەن دەكات مەگەر كەسێك نەبێت كە خوای گەورە ڕەحمی پێ كردبێت و گۆڕەكەی بۆ بكات بە بەهەشتێك ئیتر بۆچی تۆ لەنێوان ئەم دوو باسە مەترسیدارەدا خۆت بەزل دەزانی، نابێت مرۆڤ سەرشۆڕبێت، هەرگیز نابێت سەرشۆڕیش قبولّ بكات، مرۆڤ سەرشۆڕی قبولّ ناكات، لەبەرئەوەی مردن بەدەست خوایە ڕۆزی بەدەستی خوایە وەك شاعیر دەلّێت "ئەگەر تەماع روی تێكردی ئەوا قەناعەت بۆتۆ باشترە"بابەس بێ بۆ تۆ قەناعەت كردن عیزەت و شانازی، كەواتە وەك ئەو پیاوەبە كە قاچی لەزەوی دایە هیمەت و ئیرادەیشی لەئاسماندایە ئەگەر مرۆڤ سەرشۆڕی قبولّ كرد ئیتر هیچ نرخێكی نامێنێت بۆچی سەرشۆڕی قبولّ بكەیت، بەلاّم ئەگەر تۆ دەتوانی وەك چۆن سەرشۆڕی بۆ خۆت قبولّ ناكەیت كەواتە نابێت بۆ غەیری خۆیشت قبولّی كەیت، (**يَمْشُونَ عَلَى**

**الْأَرْضِ هَوْنًـا)** بـەهێوری و بـەڕێزو بـەخۆ کـەم زانیـەوە بەسەر زەوی دا دەڕۆن، ئازاری کەس نادەن.

لێــرەوە ئامۆژگــاری گــەنجانمان دەکــەم، ئامۆژگــاری پەروەرشیاری گەنجان دەکەم ئەوانەی کە ئازاری خەڵکی دەدەن بەئۆتۆمبیلـەکانیان ئەوانـەی کـە لەشـوێنانێکدا دەجـولێن کـە دەنگـی زۆر نـاخۆش دەردەکـەن، ئـەم خەسڵەتانە ناتخەنـە نێو بازنـەی خەسڵەتەکانی (عبـاد الرحمن) ەوە، ئەگـەر مـن بتـوانم بـەدوای سـەیارەکەمدا ڕاتبکێشم هـەتا دەنگـی نـاخۆش دەرنـەکات ئەمەیـە کـە مرۆڤ داوای دەکات کەواتە ئەوانـە دەبێـت چۆن بـن کـە لەسەر شەقامەکان ئازاری خەڵکی دەدەن ئازاری خۆیان دەدەن، ئەوانــە دەبێــت لــەخوا بترســن ناچــنە نێــو (عبادالرحمن ) ەوە من نالێم خوانەخواسـتە لەبازنـەی ئیسلام دەردەچـن، نـەخێر بـەڵکو ناچـنە ڕیـزی (عبـاد الــرحمن ) ەوە ئەوانــە کــە شایســتەی شــوێنگەکانی قورئانن ئەوانەی کە شایستەی فیردەوسی باڵان ئـەویش بەفەزڵی خوای گەورەو میهرەبانەوە.

بـەم جـۆرە خەسـڵەتانەوە ئـاینی ئیسـلام پـەروەردەی مرۆڤـەکان دەکـات و لەسـەر بنـەمای ڕۆیشـتنی نـەرم بنیاتیـان دەنێـت، زانایـانی دەروننـاس دەڵـێن ئـەم دیاردەیە پەیوەندی بەدەرەوە هەیە، کەواتـە روکەشـی مرۆڤ لەقسەکردن و لەجوڵەو تەنانـەت لەئاماژەکانـەوە هەمویان پەیوەندیان بەناختەوە هەیە، ئەگەر دەرەوەت تەندروست بو ئەوا بەڵگەیـە لەسـەر دروسـتی نـاوەوەت، ئەوا ناوەوەت هاوسەنگە ئەوا تۆ پیاوێکی هاوسەنگی.

ئەوەی کە مایەی سـەر سوڕمانە لای زۆر کـەس خـوای گەورە لەخەسڵەتەکانی (عبادالرحمن ) دا بـەزۆر نوێـژ کردنی دەسـتی پیـێ نـەکردوە، نـە بـەزۆر بـەڕۆژو بـون لەکاتێکدا هەردوکیان لەبنەماکانی ئیسلامن بەتایبـەتی نوێژ، بۆیە لەئیسلامدا ئەمە ئەو پەیامەیـە کـە هـەوڵ دەدەم زیـاتر جـەختی لەسـەر بکەمـەوە، هـەر لـە بنەڕەتیشدا ئیسلامیش ئەم جەخت لەسـەرکردنەوەیە دەکاتو منیش ئەم جەختە دەکەمەوە ئـەویش بنـەمای کارەکەیە، لەبەرئەوە ئێمە لەنوێژەکانماندا کاتێك خوای

گـــــەورە دەفـــــەرموێت: {**اهدِنَـــــــا الصِّـــــرَاطَ المُستَقِيمَ**} **الفاتحة٦** ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیـە خوای گەورە وەسفی خەسڵەتەکانی ئـەم ئایەتـەمان بـۆ بکـات وەك شـوێنکەوتنی سـوننەتو قورئـانی پـیرۆز، {**صِـرَاطَ الَّـذِينَ أَنعَمـتَ عَلَـيهِمْ غَـيرِ المَغضُـوبِ عَلَـيهِمْ وَلاَ الضَّـــالِّينَ**} **الفاتحـــة٧** ، {**اهدِنَـــــــا الصِّـــــرَاطَ المُسـتَقِيمَ**} **الفاتحـة ٦** ئـەو ڕێگەیەیـە کـە پیاوچـاکانو پێغەمبەران شوێنی کەوتون، مرۆڤێکی صالح، مرۆڤێکی بەسود، مرۆڤێکی بەکاریگەر ئەمەیە ڕێگەی ئیسلام.

لێرەدا هەمان شتە، بـە کردارەکـان دەسـت پـێ دەکـات وا چاوەڕوان دەکرا کە بەباسێکی تـر دەسـت پـێ بکـات، بـەلاَم لـەم لایەنـەوە دەسـت پـێ دەکـات لەبەرئـەوەی بنەڕەتەکە ئەوەیە ئەوە ئاکامەکەیە ئەمە ئەو ئاکامەیە کـە لەباوەڕەکەتـدا دەردەکـەوێت، ئـەو بـاوەڕەی کـە لـەناخت دایـە، چـی سـودێك لـە باوەڕەکەتـدا دەبێـت، ئەگـــەر ڕەفتارەکانـــت هاوشـــان نـــەبێت لەگەڵێـــدا، باوەڕەکەت کە لـەنێوان خـۆت و خواکـەت دایـە، لێـرەوە

خـوای گـەورە ئـەو ڕەفتارانـە روون دەكاتـەوە لەلايـەنی كردەيـدا بـەو شـێوەيەيە لەلايـەنی گوفتاريـدا، خـوای گەورە شتێك لە لوتكەدا رون دەكاتەو.

خۆشەويستان مرۆڤ لەزارەكی دا لەسـەر سـێ حاڵدايـە يان لەسەردوو باردايـە، حاڵـەتی يەكـەم خوانەخواسـتە ئەوەيە مـرۆڤ ئەگەر رووبـەڕوی شـتێكی خـراپ بـۆوە، بەشـتێكی هـەمان خـراپ روبـەڕوی بێتـەوە، حاڵـەتی دووەم (مســـولْمان ڕوبـــەڕوی بێتـــەوە) ، ئەگـــەر خوانەخواسـتە كەسـێك قسـەيەكی خراپـی كـرد يـان ڕووبـەروو جنێـوی ناشـرينی پـێ دايـت، لەكاتێكـدا تـۆ لەحاڵـــەتی سەرشـــۆڕيدا نيـــت كەواتـــە تـــۆ ئێســـتا (عبادالرحمن) يت كامەيە مواصەفاتی (عبادالرحمن).

لێـرەدا زاراوەی (جاهـل) لـەقورئانی پـیرۆزدا واتـە دەم پـيس، ئـەو كەسـەی جنێـو فرۆشـە، لـەم ئايەتـەدا مەبەسـتی لـەو كەسـە نيـە كـە ناخوێنێتـەوەو نانوسـێ، چـونكە وشـەی جاهـل چـەند مانايـەكی هەيـە لێـرەدا مەبەستی لەو كەسەيە كە زمانيان بـەخراپ بـەكاردێنن

{...... **وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ** .... }**الفرقان٦٣**، لەم ( ووشەی جاهلون ) ەدا شاعر دەڵێت: کەس قسەمان پێ ناڵێت واتە کەس هەڵەمان بەرانبەر ناکات ئێمەیش لەبەرانبەر ئەوانەی جنێومان پێ دەدەن جنێو دەرین ( جاهیلەکان ئاوایان بەیەك دەوت، ئەگەر ئەو جنێوی بەمن دا ئەوا من جنێو بەخۆی و بەباوکی و باپیریشی دەدەم) جاهیلەکان ئاوابون، لەو سەردەمەدا کە جاهیلەکانی تیابون هەروەها نەریتەکانی عەرەبیش لەوانەیە نەریتی گەلانی تریش هەروا بوبێت لەغەیری عەرەب کەواتە خوای گەورە دەفەرموێت (عبادالرحمن) لەوانە نین جیاوازترن{...... **وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَاماً** }**الفرقان٦٣**جنێویان پێدان و قسەیان پێوتن) ئەمان ئەڵێن (سلاما ) (سلام علیکم) وەك وتراوە، بە بەردەم ئەو کەسەدا تێدەپەڕم کە جنێوم پێ دەدات دەڕۆم بەلای داو ئەڵێم بەلامەوە گرنگ نیە هیچ نەبوە، مەبەستی من نیە لەوانەیە بلێ عەلی قەرەداغی)

بەڵێ قەرەداغی وایە هیچ نیە بەلامەوە بەلایا تێپەڕیم ووتم مەبەستی لەمن نیە.

بەم شێوەیە باسی سیفەتەکانی (عباد الرحمن) دەکات پێناسەیەکی زۆر وردە، بەڵام زۆر قورسە، پاداشتەکەی زۆر گەورەیە {**أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَاماً**} **الفرقان٧٥**، ئەمە پاداشتی گەورەی دوارۆژو دونیاشمانە بۆیە خوا ی گەورە شایستەی ئەوەیە دانبگرین بەخۆماندا بۆی، هەتا ببینە هەلگری ئەم وەسفانە لەخوای گەورە داواکارم بەفەزڵ و منەتباری خۆی بمانخاتە ڕیزی (عباد الرحمن) ەوە سەرکەوتومان بکات هەتا بتواینن ئەو وەسفانە لەخۆماندا بەدی بێنین.

# گەورەترین پاداشتی تەوبە کردن بەهەشتە

ئێمە هەموومان هیواو ئاواتمان ئەوەیە کە بچینە ناو کاروانی عبادالرحمن لەم دنیایەداو لەدوارۆژیشدا بەنەمری لەبەهەشتی بەریندا ژیان بەسەربەرین. لەبەرئەوە مافی خۆمانە کە لەگەڵ ئەم سیفەتانەدا بژین و باسیان بکەین، بەڵکو پێویستە لەسەرمان کە ئەو سیفەتانە لەخوێندا بەرجەستە بکەین‌و لەخوای گەورەش داوا دەکەین کە بمانخاتە ریزی ئەوانەی کە ئەو سیفەتە بەرزو بەرێزانەیان هەیە.

لە رابردوودا باسی گرنگترین ئەو سیفەتانەی (عبادالرحمن) مان کرد لەسیفەتەکانی گوفتارو رەفتارە بەرزەکانی، ئەو ئەخلاقە بەرزو جوانانە، هەروەها چۆنیەتی ژیان لەگەڵ خوا و بەجێهێنانی عبودیەت بۆی، هەروەها خۆ رازاندنەوە بەدەربڕینی ملکەچی‌و نزاو پاڕانەوە، پاشان رۆیشتن لەسەر مەنهەجی

میانڕەوی لەخەرجی و لەهەمووو شتەکاندا. خوای گەورە وەسفی عبادالرحمان دەکات بەکۆمەڵێك سیفاتو پاشان لەهەندێك سیفاتی خراپ بەدوریان دەگرێت، وەك دەفەرموێت: {**وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا**} ( ٦٨ ) **سورة الفرقان** ، هەروەها دەفەرموێت: {**يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا**} ( ٦٩ ) **سورة الفرقان**

ئایا ئەوانەی کەتوشی تاوانێك دەبن دەتوانن بگەڕێنەوە سەر راستە ڕێگەو جارێکی تر پەیوەندی بکەنەوە بە عبادالرحمن؟ خوای گەورە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوەو دەفەرموێت کەدەرگای تۆبەکردن بەبەردەوامی کراوەیە تەوبەش لەسەر چەند مەرجێك بنیات نراوە لەوانەش پەشیمان بونەوەو نەگەڕانەوە بۆ تاوانەکە، بەڵام ئەمانە ڕێگەیەکی تریان هەیە لەم تۆبەکردنەدا ئەویش ئەوەیە کەخوای گەورە دەیان خاتە

ژێــر ســێبەری ســۆزو بــەزەیی خــۆی لەکاتێکــدا کــە تۆبەکردنەکەیان بە تەواوەتی بێت.

ئەو ئایەتانەی کەباس لە (عباد الرحمن) دەکەن، بـاس لــەوە دەکــەن کــە نابێــت تــاوان بەرامبــەر بــەپێنج زەروریاتەکە بکرێت، کە ئەوانیش مقاصیدی شـەریعەتن کـە بریتیـە لـە پاراسـتنی مـرۆڤ لـەرووی ئـاینو عـەقڵو نەفسو نەوە و ماڵ. خوای گەورە لەو ئایەتـەدا جـەخت لەســەر پاراســتنی ســیان لەوانــە کــە نابێــت هێرشــیان بخرێتــە ســەرو دەبێــت بپارێزرێــتو ئەمــەش لــەدەقی ئایەتەکەدا هاتووە، {**وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ**} (٦٨) **سـورة الفرقـان**، ئەمەش مانای پاراستنی ئاینە لە دەست درێژی مانـای پاراسـتنی مـرۆڤ و مافەکانیـەتی. ئەمـە لەلایـەك پارێزگـاری لــە هێــرش کردنــە بــۆ ســەر گیــانی مــرۆڤ لەلایەکی ترەوە هاندان بۆ باش کرنـی بـارودۆخی مـرۆڤ لــــەرووی تەندروســــتی وەك خــــواردنو خواردنــــەوەو گرنگیـدان بەژینگـەو چارەسـەری نەخۆشـی کـە ئەمـەش

مانای پارستنی مرۆڤ و وەچەکانیەتی پاشان دەفەرموێت : **(وَلَا يَزْنُونَ)** لە ڕووە سلبیەکەیەوە داری حەد هەیە بۆ زینا لە روویەکی ترەوە هاندانە بۆ ژن هێنانو خێزان دروست کردن و پاراستنی کەرامەتو شەرەفی هاولآتیان، بەلآم دوو مەقاصیدەکەی تر ئایەتەکەی پێشو باسیان لەوە کردوە کە باس لە خەرجیەکی مام ناوەند دەکات {**وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا**} ( ٦٧ ) **سورة الفرقان**.

ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کەپاراستنی مالّ و سامان لەسەر زەرورەتی چوارەمە، بەلآم مەسەلەی پاراستنی عەقلّ لەئەو ئایەتانە باسی دەکات لەرێگەی بیرکرنەوەوە باس دەکرێت وەك دەفەرموێت: {**وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا اصْرِفْ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا**} ( ٦٥ ) **سورة الفرقان**

ئەمەش ئەو پێنج زەرورەن کە مرۆڤ و کۆمەلگا لەسەری بنیات دەنرێت، کە پێویستە دەولّەتیش پارێزگاری لێ بکات پاش ئەوەی خوای گەورە باس لە

پاراستنی ئەو رەوشتە بەرزانە دەكات،  پاشان باس لە كۆمەڵێك تاوان دەكات كە پێویستە مسوڵمان خۆی لێ بپارێزێت، ئەگەر بكەوێتە ناو ئەو تاوانەش رێگەی داناوە بۆ دەرباز بوون لێیان {**إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا**} (٧٠) **سورة الفرقان**

ئەم ئایەتە چەند مەرجێك دادەنێت بۆ وەرگرتنی تۆبە:

**مەرجی یەكەم:** پێویستە بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورەو بەتەواوی دابڕێیت لەتاوانو سەرپێچیەكە (**إِلَّا مَن تَابَ**) لێرەدا قورئان كردارەكەی لەشێوەی رابردوودا بەكاردەهێنێت، ئەمەش مانای وایە كەتۆبەكە وەرگیراوە و جارێكی تر بیرناكاتەوە لە ئایندەدا بگەڕێتەوە بۆ ئەو تاوانە.

**مەرجی دووەم:** بڕوا بوون بەخوا، چونكە ئیمانەكە وات لێ دەكات رێگەت لێ بگرێت بۆ گەڕانەوە بۆ تاوانەكە، هەموو ئەو تاوانانەی كە توشیان دەبین

دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئیمان، لەبەرئەوە باشترین ڕێگە لە ئەنجامدانی تاواندا بە هێز کردنی ئیمانە.

**مەرجی سێیەم:** (**وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا**) تەنها بوونی ئیمان بەس نی یە، بەڵکو پێویستە کردەوەی چاکی لەگەڵدا بکەیت، کردەوەی چاکیش دوو جۆرە، ئەگەر ئەو تاوانەی دەیکەیت تەنها بەرامبەر بەخوا بێت، ئەوە تەنها بە تۆبە و پەشیمان بونەوە خوای گەورە لێت خۆش دەبێت، بەڵام ئەگەر تاوانەکە بەرامبەر مافێکی خەڵك بوو وەك ستەمکاریەك یان ماڵ خواردنێك یان غەیبەت بوو، ئەوە پێویستە ئەو مافانە بگەڕێنیتەوە بۆ خاوەنەکانیان‌و گەردنی خۆتیان پێ ئازاد بکەیت، ئینجا داوای لێبوردن لە خوای گەورە بکەیت {**إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَئِكَ أَتُوبُ عَلَيْهِمْ وَأَنَا التَّوَّابُ الرَّحِيمُ**} (١٦٠) **سورة البقرة**، لێرەدا (اصلحوا) مانای وایە دەبێت ئەوە پاك بکەیتەوە کەخراپت کردووە.

تۆبەکردن کارێکی ئاسان نیە، تۆبەکردن پاداشتەکەی گران بەهایە کە ئەویش بەهەشتە، ئیبن عەباس

دەربارەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرمویت: {**إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا**} (٧٠) **سورة الفرقان**.

واتە خوای گەورە پشتیوانی لەو کەسانە دەکات کە تۆبە دەکات کاری چاکە بکەن لەبەرامبەر ئەو خراپانەی کە کردویانە، بەپێی راقەی ئیبن عەباس خوای گەورە تەوفیقیان دەدات بۆ عیبادەت کردن، چونکە پشتیوانی خوا بۆ عیبادەت کردن ئاسان نیە کاتێك تاوانەکان دەگۆڕێت بۆ چاکە کەتۆ تۆبە بکەیتو پەشیمان ببیتەوە لەو تاوانەو پاشان ئیرادەی خێرت هەبێت بۆ کاری چاکە.

مسوڵمانانی بەرێز بەهەشت نرخەکەی گرانە، دەبێت هەمووومان ئەو رێبازە راستە بگرین کە خوای گەورە بۆی دیاری کردوین، بەلاَم لە لایەکی تریشەوە سۆزو بەزەیی خوای گەورە فراوانە {**قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ**} (٥٣) **سورة الزمر**

ئەگـەر توشـی تـاوانیش بـوین نابێـت بـێ هیـوا بـین، چـونکە دەرگـای تۆبـە بـە بـەردەوامی کراوەیـە و خـوای گــەورە زۆر بەســۆزو بەزەییــە بەرامبــەرمان ئێمــەش دەبێـت کـە گەڕاینـەوە بـە یـەکجاریو بـاشو دڵپـاکیو بڕیاری یەکجاری بێت.

# له دوای هاوه‌ڵدانان بۆخواو كوشتنی به‌ناهه‌ق زینا كردن گه‌وره‌ترین تاوانه

به‌رده‌وامین له‌راڤه‌كردنی ئه‌و ئایه‌ته قورئانیانه‌ی كه باس له (عبادالرحمن)و سیفه‌تاكانیان ده‌كات، باس له سیفه‌تێكی تر ده‌كه‌ین كه ئه‌ویش گه‌ڕانه‌وه‌یه له حه‌رام، هه‌روه‌ك له‌پێشوودا باسمان كرد مرۆڤ فه‌رمانی پێكراوه به كۆمه‌ڵێك شت كه بیكات‌و به‌هه‌ندێكی تر كه وازیان لێ بێنێت، هه‌روه‌ها كۆمه‌ڵێك شت واجبه بیكات وه كۆمه‌ڵێكی تر حه‌رامه‌و نابێت ئه‌نجامیان بدات، ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌وه‌یه كه ئه‌و مرۆڤه لار نه‌بێته‌وه‌و به‌راستی بمێنێته‌وه. ئه‌گه‌ر بێت‌و سه‌یرێكی ئه‌و شته حه‌رامانه بكه‌ین كه خوای گه‌وره داوامان لێ ده‌كات كه لێی دوربكه‌وینه‌وه، هه‌مووی له پێناو به‌رژه‌وه‌ندی مرۆڤدایه، خراپه‌كان ده‌چنه بازنه‌ی شته پیس‌و خراپ‌و

زیــان بەخشــەکان، هــەموو شــتە حەرامــەکان لــە ئــەم بازنەیەدان.

لێرەوە ئەگەر سەیر بکەین دەتوانین بڵێین کە پـەیامی ئیسلامی هەمووی لە پێناو بەرژەوەندی مرۆڤدایـە، ئـەو شــتانەی کــە خــوای گــەورە حــەڵاڵی کــردون هــەمووی قــازانجو ســودی بــۆ مــرۆڤ تێدایــەو شــتی باشــن، بــەڵام ئەوانــەی کــە حــەرام کــراون هــەمووی زیــان بەخشــە بۆمرۆڤ، هەندێك لـەو زیانانـە زانـراو و ئاشکران، بـەڵام هەندێکی تری مـەرج نیـە زانـراو بێـت، بـۆ نموونـە ئـەو زیانانـەی کـە ئێسـتا دۆزراوەتـەوە بـەهۆی زینـاوە توشـی مـرۆڤ دەبـن سـاڵانی پێشـوو نـەزانـراو بـوون کـە دەبێتـە هۆی جۆرەها نەخۆشی وەك ئایـدزو زوهـەریو چـەندان نەخۆشــی لەناوبــەری تــر، کــە بــەهۆی ئــەم حەرامــەوە توشی مرۆڤ دەبێت.

ئەمرۆمان تایبەتە بەئەم کارە خراپە کە خـوای گـەورە حەرامی کردووە وەك دەفەرموێت: {**وَالَّـذِينَ لَـا يَـدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهاً آخَرَ وَلَـا يَقْتُلُـونَ الـنَّفْسَ الَّتِـي حَـرَّمَ اللَّـهُ إِلَّـا**

بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَاماً } الفرقـان٦٨،

لـەم ئایەتـەدا ووشـەکە هـاتووە بـەبیّ هـیچ جیاکارییـەك (استثناء)و بەشێوەیەکی تەواو هاتووە، بەڵام لەکوشـتندا چەند جیاکردنەوەیەك هاتووە، بـۆ نموونـە کوشـتنی بـە حـەق بەهـەموو جۆرەکانیـەوە، بـۆ نموونـە کوشـتن لـە جیهاددا یـان یـەکێك بیـەوێت بـت کوژێـت، چـەندەها حاڵـەتی تـریش بـەڵام کاتێـك کـە ئـەم ئایەتـە هـاتو کۆتاییەکەی فەرمووی: (وَلَا يَزْنُونَ).

لە ئایەتەکەدا ئامرازی نەفی (لا)یـە کـە ئەمـەش ڕێگـە گرتنـە بەتـەواوی کـە ئـەم کـارە بکرێـت، بەپێچـەوانەی ئامرازی (لم) کە تەنها بۆ ڕابردووە. نەفی کردنە کە بـە (لا) هـەموو جۆرێـك دەگرێتـەوە وەك دەسـت لێـدانو سەیرکردنو هـەتا دەگاتـە زینـا گەورەکـە، کەسـانێك کـە دەیانەوێت لە کاروانی (عبـاد الـرحمن) بـن پێویسـتە لـە ئـەم حەرامـە گەورەیـە بـەدوربن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە پێویستە لەسەر هەموو ئاسـتەکانی خێـزانو پـەروەردەو کۆمەڵگەو دامو دەزگاکانی دەوڵەت کاربکرێـت بـۆ ئـەوەی

بارودۆخێك دروست بكرێت كه رێگر بێت له دروست بوونی ئه‌م تاوانه‌و بلاوبونه‌وه‌ی، بۆ نموونه وه‌ك تێكه‌ڵاوی و شتی تر.

سه‌رنجێك له ئایه‌ته‌كه بده‌ین ده‌بینین كه مه‌ترسی زینا به پله‌ی سێیه‌م دێت له دوای هاوه‌ڵ په‌یداكردن بۆ خواو كوشتنی مرۆڤ به‌ناحه‌ق. ئه‌م ریزبه‌ندیه له زۆربه‌ی ئایه‌ته‌كانی قورئان‌و فه‌رموده‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوادا هاتوه‌.

له فه‌رموده‌یه‌كدا كه پێغه‌مبه‌ری خوا ﴿ﷺ﴾ باسی له حه‌وت شته له ناوبه‌ره‌كه ده‌كات یه‌كه‌میان هاوه‌ڵ دانانه بۆ خوا، پاشان كوشتنی مرۆڤێك پاشان زیناكردن. ئیبن مسعود ده‌ڵێت:" پرسیارم له پێغه‌مبه‌ری خوا كرد ئایا چ تاوانێك زۆرگه‌وره‌یه لای خوا ؟ ئه‌ویش فه‌رموی هاوه‌ڵ بۆ خوا په‌یدابكه‌ین كه به‌دیهێنه‌ری خۆیه‌تی، ئه‌مه تاوانێكی گه‌وره‌یه، پاشان وتم چیتر؟ ئه‌ویش فه‌رموی مناڵه‌كه‌ت بكوژیت له‌ترسی ئه‌وه‌ی خواردنت له گه‌ڵدا

بخـوات، وتم چـيتر، فــەرمووی: زينــا لەگــەڵ ئــافرەتی دراوسێکەتاندا بکەيت" بوخاری ريوايەتی کردووە.

هەروەها لەترسناکترين جۆرەکانی زينا ئەوەيە کە پياوێکی بەتەمەن بيکات.

لـە ئـەبوهورەيرەوە دەگێرنـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا ﴿ﷺ﴾فەرمويـەتی " سـێ کـەس لـەرۆژی قيامەتـدا خـوا قسـەيان لەگـەڵ ناکـاتو سـەيريان ناکـاتو پاکانـەيان بـۆ ناکات و سزايەکی سەختيان بۆ هەيە ئـەوانيش: پيرێکـی زيناکــەر ، پاشــايەکی درۆزن ، ســەرۆك خێزانێکــی خــۆ بەگەورەزان " موسليم ريوايەتی کردووە .

بەڕاســتی زينــا گــەورەترين خراپەکاريــە، پێويســتە پلانێکــی ڕاســتو دروســتی بــۆ دابنــێين وەك چــۆن لەئيسلامدا هەموو شتێك بـە پلانـە بۆيـە دەبێـت پـلان ڕێژی  بکەين بۆ کوڕو کچەکانمان، وەك چـۆن حـەزرەتی لوقمـان داينــا لــەڕێی بـيرو بــاوەڕەوە لــەرێی بــاوەڕبون بـەخوای گـەورەوە لـەڕێی پابەنـد بـون بـەخواوە لـەڕێی پاپەند بونەوە بو پەرستشەکانەوە.

ئـەی گـرۆی گـەنجان ئـەوەی دەتوانێـت خەرجیـەکانی مسۆگەر بکات با هاوسـەرگیری بکـات ئـەوەیش نـەیتوانی بـا بـەڕۆژو بێـت لەبەرئـەوەی بـۆ چاوداخسـتن باشـترە و پارێزگـاری لـە داوێـن پیسـی دەکـات، کەواتـە پەرسـتش کـردن هۆکارێکـە ڕۆژو بەندایـەتی کـردن، خوێندنـەوەی قورئان، تەڕی و پاراوی زمان بەیادی خوا.

هەروەها زۆر گرنگە بەبێ شەرم کـردن مەترسـیەکانی زینایـان بـۆ ڕوون بکەینـەوە زۆر ئاسـاییە هەنـدێ لـەو فیلمـە زانسـتیانەیان پـێ نیشـان دەیـن کـە بـاس لـەو نەخۆشانە دەکەن کە دوچاری ئایدز بون، چونکە ئێـوەی بـەڕێز دەزانـن یەکـەم کـەس کـە دوچـاری ئایـدز بـوو جوانترین نمایشکاری سینەمایی هۆلیۆد بو کەچی ئێستا بۆتە ناشرینترین کەس.

ئێستا سەیر بکـە کـاتێ گـەنج بـوو چـۆن خـوای گـەورە نازو نیعمەتی جوانی و هێزو توانـای پـێ بەخشی بـوو، بـەڵام کاتێـك خـۆی خسـتە زەلکـاوی ڕیسـواییەوە چـی بەسەر هات ئەمە زۆر گرنگە.

بۆیــه دەبێــت ئامــاژە بــه حــەزرەتی لوقمــان بکــەین کاتێك ویستی ئامۆژگاری کوڕەکەی بکات بەوەی کە چۆن دەنگ بەرزکردنەوە لەکاتی خۆیدا نەبێ چەندە ناشـرین و چەندە قێزەونە ووتی کوڕی خۆم ڕات لەسـەر زەڕینـی بـەرزی گوێدرێـژ چیە؟ ئەمـە لـەو کاتـەدابو کـە ویسـتی ئەدەبی هێواش قسەکردنی فێربکات، کـاتێکیش ویسـتی ئــەدەبی خۆبەکــەم زانــی بکــات ڕۆیشــت بــۆلای پیاوێــك چارەسەری ووشترێکی نەخۆشی دەکرد حەزرەتی لوقمان کــه کــوڕە منداڵەکەیشــی پــێ بــوو، پێــی ووت ئــەی ئــەو کەســەی کــه چارەســەری ووشــتر دەکــەیت ئایــا وشــترێکت لایــــه کــــه دوچــاری نەخۆشــی ســوعار بوبێــت؟ (ئــەم نەخۆشــــیە ئــــەو کەســــانە دەیــــزانن کــــە پســــپۆڕی نەخۆشـیەکانی ووشـترن ئەگـەر ووشـترەکە دوچاری ئـەم جۆرە نەخۆشیە بوو ئەوا ملی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمـان و ماوەی ڕۆژێـك یـان دوڕۆژ هـیچ شـتێك نـاخوات پاشـان یەکسەر دەکەوێت) کـابرا وتـی بـەڵێ لامـەو هـیچ شـتێك ناخواتو ناخواتەوە، وتی مـن دەمـەوێت ئینجا دەسـتی

کوڕەکـەی گرتـو ووتـی ئـەم ووشـترە نەخۆشـەو هـیچ نـاخوات‌و ناخواتـەوە ئـیتر چۆن تێـر دەخـوات سـەیری ئاکامەکـەی بکـات سـەعاتێك دوسـەعات چاوەڕێیان کـرد ووشترەکە کەوت"

مـرۆڤی خۆ بەگـەورە زانـیش وەکـو ئەمـە وایـە کاتێـك خـۆی بەگــەورە دەزانــێ ئــەوا هــەر دەکــەوێت ئەگــەر لەدنیاشـدا نەکـەوێت ئـەوا لـەڕۆژی دوایـدا لەبـەر چـاوی خــــەڵکی و خــــوای گــــەورەدا دەکــــەوێت ، کەواتــــە لەبەرچاوگرتنی منداڵەکانمان لەڕووی زانستیەوە کارێکی زۆر گرنگە، چونکە ئەوان سامانی بەنرخی ئێمـەن، ئـەوان جگـەر گۆشـەی ئێمـەن، ئـەوانن کـە لـەداهاتودا هـەڵگری نـاوی ئێمـە دەبـن ئـەوانن وڵات بەهۆیانـەوە چـاك دەبێـت ئـەوان ئـەمڕۆ منــداڵن یــان گــەنجن، بــەڵام لــەداهاتودا دەبنــە ســەرکردەو پێشەوای ئەم ئوممەتـە بۆیـە ئەگـەر بـەجوانی پـەروەردەمان کردن ئەوا وڵاتمان بەرەو پێشکەوتن و ئاوەدانی دەچێت، ئەگەر پێچـەوانەکەی بێـت ئـەوا زینـاو خراپـەکاری و بـەرتیل و بـەد رەوشـتی لەنێوانیانـدا بڵاو دەبێتـەوە ئـەو کاتـە ئوممـەت هـەموی دوچاری هەمان دەردو بەڵا دەبێت.

# پەروەردەی نەوەیەك
# لەسەر بنەمای بوێری و ئازادی

سیفاتەکانی (عبادالرحمن) هەموو شتە باش‌و جوانەکانی ژیانی دنیا دەگرێتەوە، ئینجا ئەو سیفەتانە پەیوەندی بەکردارو رەوشتەوە هەبێت یان پەیوەندی بەوتەو گوفتارەوە هەبێت، یان پەیوەندی هەبێت بەعبادەتەکان و گرتنەبەری مەنهەجێکی میانڕەوی و دورکەوتنەوە لەقسەی نابەجێ و دورکەوتنەوە لەشایەتی درۆو چەندان تاوانی تر کە لەوتارەکانی پێشودا باسمان کرد.

بەردەوامین لەدریژەدان بەو وتارانە باس لەدوو سیفەتی (عبادالرحمن) دەکەین کەئەوانیش:

(عبادالرحمن) دابراونین لەنەوەکانی رابردوو، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەدان کەنەوەیەك دروست بکەن لەدوای

خۆیان كه بڕواداربن بەخوای گەورەو درێژه به كاروانی چاكەخوازی بدەن.

عبادالرحمن هەریەكەیان بەپێی توانای خۆی لەهەوڵی ئەوەدان نەوەیەكی خواپەرستی چاكەخواز بنیات بنێن، ئەویش لەرێگەی پەروەردەكردنی ماڵەكانیان بەمنهەجێكی خواناسانه بۆ ئەوەی لەئایندەدا بەسیفاتەكانی (عبادالرحمن) بڕازێنرێتەوە.

(عبادالرحمن) تەنها بەپەروەردەكردنی خۆیان وازناهێنن، بەڵكو لەهەوڵی ئەوەدان نەوەیەكی نوێ لەكوڕان و كچان پەروەرده بكەن بۆ ئەوەی ئەم منالانه ببنه بیلبیلەی چاویان وەك خوای گەوره دەفەرموێت{ **وَالَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا**} (٧٤) **سورة الفرقان**.

دوعا لەقورئاندا بەردەوام هاندەرێكه بۆ كردەوە، دوعا لەكرۆكیدا دوو رۆڵی سەرەكی هەیە:

یەکەمیان ئەوەیە خوای گەورە وەلاٌمی ئەو داوایانە دەداتەوە.

دووەمیان ئەوەیە کەدەبێت بەپێی ئەو دوعایە تۆ کردەوەی چاك بکەیت، بۆ نمونە کاتێك کەتۆ دەڵێیت خوایە لێم خۆشبە پێویستە لەسەرت کە ئەو کردەوانە ئەنجام بدەی کەدەبنە مایەیی لێ خۆشبونی خوا، بەم پێیەش دەبێت سەرەتا دوعاکە بەدڵێکی پاکەوە بکرێت کەتەنها مەبەست تیایدا خوا بێت، پاشان دەبێت بەوپەڕی ئیخلاٌس و دڵسۆزیەیی داوابکەین خوا نەوەیەکی چاكو چاکەخوازمان پێبدات بۆ ئەوەی ئەم منالاٌنە لەخۆشەیستیدا ببەنە بیلبیلەی چاوی دایك و باوکیان و بۆ کۆمەڵگەکەیان ببنە سەرچاوەی خێروخۆشی، هەتا ئەم نەوە چاکەخوازەش پێ بگات پێویستە هەموو دایك و باوکێك کاربکات بۆ دروست کردنی ئەم نەوەیە.

سیفەتی دووەمی عبادالرحمن ئەوەیە کەرازی نابن بەکاری چاکی سادە، بەڵکو ئامانجەکانیان بەرزو

گەورەیەو وەك دەڵێن ستراتیجیە، دەبێت هەریەکێکیان لەمانە رابەری خواناسان بن، رابەرایەتی جیهان و توێژە هۆشیارەکانی کۆمەڵگە بکەن. نەك خەڵکە سادەکە.

ئەمەش سیفەتێکی عبادالرحمن بەوە نابێت بەو سادەییە سەیری بکەین(**وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا**). خوای گەورە نەیفەرموە بمانکە بە(أئمة) هەرچەند کرداری (واجعلنا) بۆ تۆیە، بەلاّم بەپێی رای زانایانی زمانەوانی لەم ئایەتدا مانای وایە هەر تاکە تاکەیەکی (عباد الرحمن) پێویستە هەوڵ بدەن کە خۆیان رابەرو سەرکردە بن بۆ گەلەکانیان، ئەمەش جەخت کردنەوەیە بۆ ئەو وەسفەی باوەڕداران کە خوای گەورە بۆیان دەکات{**أُوْلَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ**} (٦١) **سورة المؤمنون**، {**أُوْلَئِكَ يُجْزَوْنَ الْغُرْفَةَ بِمَا صَبَرُوا وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَامًا**} (٧٥) **سورة الفرقان**.

(غرفة) مانای بەهەشتە ئەمەش پاداشتی کردەوەکانی (عباد الرحمن) کە بەپێی سیفەتەکانیان لەوتارەکانی رابردوودا باسمان کردوون، کە١٢ سیفەتن خوای گەورە

تـەنها بـە بەهەشـت پاداشـتیان ناداتـەوە بـەڵكو لـەدوای ئەوە دەفـەرموێت{.....**وَيُلَقَّوْنَ فِيهَا تَحِيَّةً وَسَلَامًا**} (٧٥) **سورة الفرقان**.

سـەبارەت بـە ڕووداوەكـانی جیهـانی ئیسلامی، ئـەوەی ڕوونو ئاشـكرایە لای بـەڕێزتان، بـەهۆی نامولتـەزیمی زۆربەیی گەلانی ئیسلامیو بەتایبـەتیش سـەركردەكان، كـە پێویسـت بـوو نمونـەو پێشـەنگ بـن لـەبواری دادپـەروەریو چاكسـازیو خۆشەویسـتی، بـەڵام بـەهۆی ئەوەی كە نـەیانتوانیوە ببنـە پێشـەنگ، لـەجیاتی ئـەوە ڕۆژانـە لەشاشـەی تەلەفزیۆنەكانـەوە خۆپیشـاندان و نـاڕەزای گـەلانی مسـوڵمان دەبیـنینو دەسـەڵاتدارانیش لـەجیاتی گـوێ گـرتن بۆیـان دەسـت دەدەنـە گـرتن و كوشـتن و ئەشـكەنجەدانیان، ئـەو تورەبونـەی ئێسـتا لەگـەلانی ئیسلامی دەیبیـنین، ئـەنجامی كاری ڕۆژێـكو دوو ڕۆژ یان ساڵێك و دوو ساڵ نیـە، بـەڵكو لەئـەنجامی سـتەمو چەوسـانەوەیەكی درێژخایەنـە بـەهۆی نـەبونی

دادپـــەروەری‌و بلاّوبونـــەوەی گەندەڵیـــەوە بـــوو لـــەناو دەسەلاّتدارانـدا.

ئـەم دەسـەلاّتدارانە ولاّتـەکانیان کـردوە بەکێڵگەیـەکی تایبـەت بـەخۆیان‌و منـاڵ‌و خێزانـەکانیان‌و لەهـەوڵی ئەوەشـدان کـە پشتاوپشـت بیگوازنـەوە بـۆ نـەوەکانیان، پـاش ئـەوەی زۆربـەی ولاّتـانی ئیسـلامی قۆنـاغی پاشایەتیان بەجێ هێشت وایان دەزانی دەچنە قۆناغێکی نوێوە کـە کـەمتر دەسـەلاّتیان بەسـەردا دەسـەپێندرێت‌و بەئاسانی دەسەلاّت ئاڵوگۆڕ دەکرێت، ئەم قۆناغـە نوێیـە قۆناغی کۆماری بوو کە بەهۆی لەناوبردنی پاشایەتیەوە بەدەسـتیان هێنـا، بـەلاّم لەئەنجامـدا ئـەم کۆماریانـە بونـەوە بـەدیکتاتۆرێك کـە زۆر لـەرژێمی پاشـایەتی خـراپتر بـوون، وەنـەبێت گـەلان ئاگـادار نـەبوبن بـەو نیازانەی کەئەو رژێمە ستەمکارانە هەیانبوو، بەلاّم ئـەو گەلانە چاوەڕێیان کرد هـەتا بـزانن بـەرەو کـوێ دەچـن. بەلاّم لەکۆتایدا گەل لێیان بێزار بوو رووی راستەقینەی ئەم نوخبە ستەمکارە گەندەڵـە دەرکـەوت گـەنجانی ئـەم

ولاّتانە لەژێر سایەی ئەم رژێمانەدا تووشی بێ هیوایی بوونو دەستیان دایە کۆچ کردن بەرەو رۆژ ئاواو هەزارانیان لەدەریاکاندا لێ خنکا.

پاش ئەوەی کە ئەم دەرگایانەشیان لێ داخرا دەستیان دایە خۆ سوتاندن، هەرچەندە لەرووی شەرعیەوە ئەمە کارێکی زۆر خراپ و ناپەسەندە، بەلاّم رەشبینی وای لێ کردن کە لەژیان بێزار بن، لەبەرئەوە شتێکی سروشتیە کە ئەم گەلانە راپەڕینو شۆرش بکەن.

لێرەوە ئامۆژگاری دەسەلاّتداران دەکەم کە لەخوا بترسنو رێگە بەگەلەکانیان بدەن بەئازادی بژینو بەئازادی چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن، چونکە ئەگەر وانەکەن ئەوا بارەکە دەگۆڕێت بۆ ئاژاوە گێڕیو شەڕی ناوخۆ.

ئێمە زۆر نیگەرانین لەو رووداوانەی کەلەم دواییەدا لەمیسر روویدا، ئەگەر لەدەسەلاّتدارانی میسردا بچوکترین خۆشەویستی هەبێت بۆ گەلەکەیان بادەسەلاّت بەجێی بهێڵن و بوار بدەن بە

بەرامبەرەکانیانو رێگە بەگەل بدەن چارەنوسی خۆی دیاری بکات و نەهێڵن بارودۆخەکە زیاتر بەرەو گرژی و خراپی و کوشتار بڕوات، چونکە ئەمە بارودۆخی میسری زیاتر ئاڵۆز دەکات، ناوبانگ و قەبارەی میسر لەناو گەلانی ئیسلامی گەورەیە.

داوا لەخوای گەورە دەکەین کە ئەوانە هۆشیان بەبەردا بێتەوەو پەنانەبەنە بەر بەکارهێنانی هێزو توندو تیژی و گەلی ستەملێکراو بتوانن چارەنوسێکی باش بۆ خۆیان دیاری بکەن(*).

---

(*) ئەم وتارە ٢٨-١-٢٠١١ لەمزگەوتی خاتوو عائیشە، لەدەوحەی پایتەختی قەتەر بوە، کەسەرەتای شۆڕشی بەهاری عەرەبی بوو کەزۆربەی وڵاتە عەرەبیەکانی گرتبۆوە.

# پێڕست


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٣ |
| ٢ | رەهەندەکانی (عباد الرحمن) | ٩ |
| ٣ | هەموو مرۆڤایەتی پێویستیان بە(عباد الرحمن) هەیە | ١٩ |
| ٤ | ترسان لەخواو لەرۆژی دوایی سەرچاوەی سەرەکی پیادەکردنی دادپەروەریە | ٢٧ |
| ٥ | خوای گەورە لەگەڵ ئەوانەدایەکە پارێزگارو چاکەکارن | ٣٥ |
| ٦ | گەورەترین پاداشتی تەوبە کردن بەهەشتە | ٥٩ |
| ٧ | لە دوای هاوەڵدانان بۆخواو کوشتنی بەناهەق زینا کردن گەورەترین تاوانە | ٦٧ |
| ٨ | پەروەردەی نەوەیەك لەسەر بنەمای بوێری و ئازادی | ٧٥ |